گۆڤاری پێشڕەو

کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# ٤٧٢

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٧٢ – گەلاوێژی –جولای ٢٠٢٥

## سەروتار

### ڕێوڕەسمی بەتەسلیم کێشانی "پەکەکە" یان "پڕۆسەی ئاشتی"

بەیانی ڕۆژی هەینی ٢٠ی مانگی پووشپەڕ ڕێوڕەسمی فەرمی و سەمبۆلیکی دانان و ئاگرتێبەردانی چەکی ٣٠ کەس لە گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە"، لەوانە کلاشینکۆف، بی کەی سی و ئار پی جی، بەڕێوەچوو. ئەوان لە بەیاننامەیەکدا ڕایانگەیاند کە پەیڕەوی لە پەیامەکەی ئۆجەلان دەکەن و داوای ئازادکردنی ئۆجەلانیان کرد. لە بەشێکی دیکەی پەیامەکەدا گەریلاکان خوازیاری پشتیوانی نێونەتەوەیی و ناوچەیی لە پڕۆسەی ئاشتی بوون. لە هەمان کاتدا ڕێبەری پەکەکە "کەجەکە"ش بەیاننامەیەکی دەرکرد و لە بەشێکدا باسی لەوە کرد کە ئەم چالاکییە بە هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە شوێنێک بەناوی "ئەشکەوتی جەسەنە" لە ناوچەی "سووورداش"ی سەربە شاری سلێمانی ئەنجام دراوە. لە مەراسیمەکەدا نزیکەی ٢٠٠ نوێنەری حیزبەکانی کوردستانی عێراق و شاندی " دەم پارتی" و نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان و خاچی سووری نێودەوڵەتی و میوانانی تورکیا و ئەوروپا و ئەمریکا لەژێر ناونیشانی "کەسایەتییە سیاسی و ئەکادیمییەکان" ئامادەبوون. ڕۆژی دووشەممە ١٦ی مانگی پووشپەڕ، ڕێبەری پەکەکە لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی لە ناوچەیەکی دەوروبەری شارۆچکەی دوکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی، مەراسمی دانان و لەناوبردنی چەک بەڕێوەدەچێت، و لە کەناڵێکی تەلەڤزیۆنیشەوە بڵاو دەکرێتەوە. هەڵبەت هەواڵنێران نە ڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆیان پێدرا و نە ئیجازەی ئەوەیان هەبوو لەگەڵ کەسانی پەکەکەدا وتووێژ بکەن.

ئەوەش لە کاتێکدایە کە ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی مانگی پووشپەڕ، عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرکردەی زیندانیکراوی پەکەکە، بۆ یەکەمجار بە شێوەی سنووردار لەگەڵ کۆمەڵێک زیندانی دیکە دوای ٢٦ ساڵ، بە ڕەزامەندی دەسەڵاتدارانی ئەمنی تورکیا دەرکەوت و پەیامێکی ڤیدیۆیی ٧ خولەکی خوێندەوە. پێدەچێت دەرکەوتنی ئۆجەلان لەم پەیامەشدا لەسەر داوای "دەم پارتی" و بە ڕەزامەندی ئەردۆغان بووبێت. بۆ ئەوەی بۆ جارێکی دیکە ئۆجەلان بتوانێ ڕوو بە ڕیزەکانی پەکەکە بەئاشکرا پەیامی تەسلیمبوون واتە هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و چەکدانان و کۆتایی خەباتی چەکداری ئەم حیزبە ڕاگەیەنێت. ئۆجەلان لە پەیامەکەیدا کە لە ڕێکەوتی ٢٩ی مانگی جۆزەردانا تۆمارکراوە، ڕایگەیاندووە: پڕۆسەی ئێستا تێپەڕینی خۆبەخشانەیە لە قۆناغی خەباتی چەکدارییەوە بۆ قۆناغی سیاسەتی دیموکراتیک و یاسایی. ئەمە سەرکەوتنە

## بەیاننامەی سیاسی کۆنفرانسی سێهەمی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان




## پەیامی کۆنفرانسی سێهەمی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان بۆ زیندانیانی سیاسی

## پەیامی کۆنفرانسی سێهەمی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

## سەبارەت بە درێژەی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین



## ڕاگەیاندنی هاوبەشی شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوی سۆسیالیستە کرێکارییەکانی ئەفغانستان

**سەرکوتی پەنابەرانی ئەفغانستانی، سەرکوتی کرێکارانی ئێرانە!**

نەک شکست. ئێستا کاتی ئاشتی و هەنگاوی کردارییە. چونکە ئامانجی سەرەکی ئێمە کە بریتی بوو لە بەڕەسمی ناسینی کوردەکان، هاتووەتەدی و لە ڕۆژانی داهاتوودا چەکدانان دەستپێدەکات". ئۆجەلان بۆ چاوەدێری کردنی بەناو "پرۆسەی ئاشتی" داوای پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی لە پەرلەمانی تورکیادا کرد.

"دەم پارتی" و ئۆجەلان لە کاتێکدا هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە و لەناوبردنی چەک بە پرۆسەی ئاشتی ناو دەبەن کە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی مانگی پووشپەڕ دوای بڵاوبوونەوەی پەیامەکەی ئۆجەلان، لە کۆبوونەوەی هەفتانەی حیزبی داد و گەشە لە پەرلەمانی تورکیا دیسان باسی "تورکیەی بێ تیرۆر"ی کرد و هەتا ئێستا حازر بە دانی هیچ ئیمتیازێک بە پەکەکە و ئۆجەلان نەبووە. تەنانەت ڕێگەیان پێنەداوە کە پەیامەکەی بەشێوەی ئازادانە بنێرێت. لەم پەیوەندییەدا دەوڵەت باغچەلی ڕێبەری حیزبی فاشیستی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی تورکیا کە پێشنیاردەری گەڵاڵەی بەناو ئاشتی بوو، ڕۆژی پێنجشەممە ١٩ی مانگی پووشپەڕ وێڕای ڕەخنە گرتن لە ئەردۆغان وتی: " حکوومەت لەوە زیاتر ناتوانێ بێدەنگ بێت و دەبێ خۆی بە خاوەنی ئەم پرۆژەیە بزانێ. ئێستا ئەرکی حکوومەتە کە هەنگاو بنێت".

بەڵام ئەردۆغان هەلپەرستانە دەیهەوێ تەسلیمبوون و چەکدانانی پەکەکە بە حیسابی سەرکەوتنی خۆی دەرخواردی خەڵک بدات تا بەڵکوو بتوانێ شکستە ئینتخاباتییەکانی لە بەرامبەر ڕەقیبەکانی، کە ئاکامی قووڵبوونەوەی قەیرانی سیاسی و ئابووری ناوخۆیی و ناوچەیی تورکیایە قەرەبوو بکاتەوە. ئەردۆغان لە وتارەکەیدا لە پەرلەمان وتی: ڕۆژی دووشەممە ١٦ی پووشپەڕ کۆبوونەوەیەکی پڕ دەستکەوتم لەگەڵ شاندی دەم پارتی ئەنجامدا. لەم دیدارەدا جەختمان لە ئامانجی خۆمان کرد کە تورکیایەکی بێ تیرۆرە. کاتێک دیواری تیرۆر دەڕووخێت، هەموو شتێک باشتر دەبێت. میللەتەکەمان دەیان ساڵە چاوەڕێی ئاشتەوایی دەکات و دەبێت ئەم پرۆسەیە بە خێرایی و بەبێ هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو یان تێکدانی ناوەندەکانی خراپەکاری بە ئاکام بگات". بە ئیحتمالی زۆر مەبەستی ئەردۆغان لە ناوەندەکانی ئاژاوە و خراپەکاری ڕەوتە جۆراوجۆرەکانی ناو دەوڵەت و هێندێک لە دەوڵەتەکانی ناوچەکە بێت.

لەلایەکی دیکەوە عومەر چلیک جێگری ڕێبەری حیزبی ئاکپارتی و وتەبێژی ئەم حیزبە لە وتووێژێکدا لەمبارەوە وتی: "لە ئەگەری چەکدانانی پەکەکەدا، ئەردۆغان ڕۆژی شەممە ١٢ی جولای، وتارێکی هەمەلایەنە کە هێشتا ناوەرۆکەکەی مەعلووم نییە، بەیان دەکات. چلیک ئاماژەی بەوەشکرد، دانانی چەک پەکەکەی عێراق و هێزەکانی سوریای دیموکرات و پژاکیش دەگرێتەوە. سەبارەت بە چارەنووسی گەریلاکانی پەکەکە، چلیک بە شێوەیەکی ناپەیوەندیدار و ناڕوون وتی: لە یاسای تورکیادا، چ بۆ ئەوانەی تاوانێکیان ئەنجام نەداوە و خۆیان تەسلیم کردووە و چ بۆ ئەوانەی تاوانێکیان ئەنجامداوە و تەسلیم دەبنەوە یان دەستگیرکراون، چارەسەری زۆر هەیە کە هێشتا ڕەوا و کاریگەرن. بە گوتەی چلیک، تا ئێستا دیار نییە حکوومەتی تورکیا چۆن مامەڵە لەگەڵ سەرکردایەتی پەکەکە و گەریلا دەکات. بەڵام تولای حاتەم ئۆغولاری، ئەندامی سەرکردایەتی و وتەبێژی فراکسیۆنی " دەم پارتی" لە پەرلەمان، ڕایگەیاند کە کارێکی زۆرمان لە پێشە. پێویستە بەم زووانە، پێش پشووی پەرلەمان، کۆمیسیۆنێک بۆ بڕیاردان و هەنگاونان پێکبهێنرێت و ئەم پرۆسەیەش خێراتر بکرێت.

پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) کە سەردەمانێک لە ستراتیژی "سەربەخۆیی کوردستانی گەورە" کۆتا نەدەهات، ئێستا بەڕەسمی ناسینی ناسنامەی کورد لە تورکیا بە بەس



دەزانێت. مەعلوومیش نییە کە ناسنامەی کوردەکان لەلایەن چ کەسێک و چ کاتێک بەڕەسمی ناسراوە. واقعییەت ئەوەیە کە بەهۆی بوونی بزووتنەوەی جەماوەری لە دژی ستەمی نەتەوایەتی و هەروەها بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕانەی کە لەم بوارەدا لەو وڵاتانەی کە بەرەوڕووی مەسەلەی کوردن ڕووی داوە، مەسەلەی کورد گۆڕاوە بۆ دیاردەیەکی بابەتی، ئۆبژێکتیڤ و حاشاهەڵنەگر، نەتەنیا هەر لەم وڵاتانە بەڵکوو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەئاستی جیهانیشدا ڕەنگدانەوەی بووە. ئەمڕۆ بە بێ لەبەرچاوگرتنی پێگەی پرسی کورد ناتوانرێت بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوون بکرێتە. کەوابوو لە وەها بارودۆخێکدا بەڕەسمی ناسینی دیاردەیەکی حاشاهەڵنەگر لەژێرناوی دەستەواژەی سووکایەتیئامێزی "تورکیای بێ تیرۆر" لەلایەن ئەردۆغانەوە نەتەنیا بەمانای دانی هیچ ئیمتیازێک بە خەڵکی کوردستان نییە، بەڵکوو فریوکاری بەئاشکرای دەوڵەتی تورکیا نیشان دەدات. پەیامی ئاشتی و کۆمەڵگای دیموکراتیکی ئۆجەلان و پاشان پرۆسەی چەکدانان و هەڵوەشاندنەوەی پەکەکە، لەناو بەشێک لە خەڵکی کوردستاندا ئەو خۆشباوەڕییەی دروست کرد کە ڕێبەری پەکەکە لە بەرامبەر وەرگرتی ئیمتیازاتێک لەڕاستای وەدیهێنانی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستاندا ئامادە بووە چەکدابێنت و خۆی هەڵوەشێنێتەوە. ئەمانە لە کاتێکدایە کە نەتەنیا هیچ باسێک لە وەدیهێنانی مافە دیموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان نەهاتووەتە گۆڕێ، بەڵکوو دەوڵەتی فاشیستی ئەردۆغان بەردەوام هێرش دەکاتە سەر مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی تورکیا لە سەرتاسەری ئەم وڵاتە. نەیارانی سیاسی خۆی دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان دەکات. تەنانەت یاساکانی دیموکراسییە ڕواڵەتییەکەش دەخاتە ژێر پێ. کەسانێکی وەک سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی پارتی سیاسی "هەدەپە" و ئەکرەم ئیمام ئۆغلو شارەوانی هەڵبژێردراوی خەڵکی ئیستانبۆڵ کە لە هەڵبژاردنەکاندا یەک ملیۆن دەنگی لە کاندیدی حیزبی داد و گەشە زیاتر هێنابووەوە دەستبەسەر و زیندانی دەکات. شارەوان و نوێنەرانی هەڵبژێردراو لە شارەکانی کوردستان کە لە نمایشی ئینتخاباتی دەوڵەتدا هەڵبژێردراون لەسەر کار لادەبات و لەجیاتی ئەوان کەسانی نزیک بە خۆی دادەنێت. دەوڵەتی تورکیا هەر لەم دەورەیەدا زیاتر لە هەزار هێرشی نیزامی بۆسەر کوردستانی عێراق و سووریا، کە بەشێکی لە خاکی ئەوانی بە بیانووی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پەکەکە داگیرکردووە، ئەنجام داوە. لە وەها بارودۆخێکدا پێناسەکردنی ئەم ڕەوتەی پەرەپێدانی سەرکوت و فراوانخوازییە بە ڕەوتی "دیموکراتیزە کردن"ی تورکیا یان ڕەوتی "ئاشتی کۆمەڵگای دیموکراتیک" مانایەکی بێجگەلە خۆڵ کردنە ناو چاوی خەڵک ستەملێکراوی کوردستان نییە. حیزبێکی سیاسی دەتوانێ بەهۆکاری جۆراوجۆر لەوانە نەبوونی پشتی جەبهەی جێگای متمانە بۆ ئەم شێوازە لە خەبات لە ناو خاکی وڵات، یان ناتەبابوونی لەگەڵ بەرژەوەندی خەباتی جەماوەری لە قۆناغێکی تایبەتدا و هیتر ... تاکتیکی خەبات چەکداری بنێتە لاوە، هەموو ئەمانە بۆ حیزبێکی سیاسی قابیلی ئەنجامە. بەڵام چەکدانان لەژێرناوی "پرۆسەی ئاشتی و کۆمەڵگای دیموکراتیک" لە بارودۆخێکدا کە دەوڵەتی ئەردۆغان هەروا بەردەوام سیاسەتە فاشیستییەکانی خۆی لەدژی خەڵکی کوردستان و سەرتاسەری تورکیا درێژە دەدات و تەنانەت یاساکانی دیموکراسییە ڕەواڵەتییەکەش پەیڕەو ناکات، چەک سووتاندن و خۆهەڵوەشاندنەوەی پەکەکە بێجگەلە تەسلیمبوون هیچ مانایەک نادات. واقعییەت ئەوەیە کە ڕەسالەتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان تەنانەت لە شکڵی "میلیتانتەکەشیدا" بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد و کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی بەشێوەی دیموکراتیک، لەمێژە کۆتایی هاتووە.

❊❊❊

**بو بینینی ڕاستەوخۆی**
**تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی**
**-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و**
**کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە**
**بکەن:**

alternative-shorai.tv

**بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان**

# ڕاگەیاندنی هاوبەشی شۆرای هاوکاری هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان و ڕێکخراوی سۆسیالیستە کرێکارییەکانی ئەفغانستان

## سەرکوتی پەنابەرانی ئەفغانستانی، سەرکوتی کرێکارانی ئێرانە!

دەستبەسەرکردن و دەرکردنی سەدان هەزار پەنابەری ئەفغانستانی لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە بە وەحشیانەترین شێوە لە ئارادایە، نیشانەی وەحشیگەری و ڕق و کینەی چینایەتی ئەم ڕژیمەیە، نەک هەر لە چینی کرێکاری ئێران، بەڵکوو بە گشتی لە هەموو کرێکارانە بە هەر پێگە و نەتەوەیەکەوە. حکوومەتی سەرمایەداری ئیسلامی ئێران بە دەرکردنی بەرینی پەنابەرانی ئەفغانستانی بەشوێن چەندین ئامانجەوەیە. یەکەم ئەوەیکە بەم شێوەیە کەشوهەوای ئەمنیەتی دوای شەڕ لە ئێران هاوکات لەگەڵ دەستبەسەرکردنی چالاکانی سیاسی و کرێکاری



پەرەپێبدات. دووهەم، لە پاساوی لاوازی زانیاری خۆی لە بەرامبەر ئیسرائیلدا هەوڵ دەدات بە درۆ نیشانی بدات کە ئەفغانستانییەکان زانیاری کەس و ناوەندەکانی حکوومەتیان داوەتە ئیسرائیل و ئێستا حکوومەت بە دەرکردنی پەنابەران ئەم لاوازییە لەناو دەبات و ئەمنیەتی مۆرەکانی خۆی دەباتە سەرێ. ئەوەش لە کاتێکدایە کە دزە کردنی زانیاری مۆرە و ناوەندەکانی حکوومەت لەئاستێکی باڵادا ڕووی داوە. وە سێهەم ئەوەیکە ڕژیم بەم کارە هەوڵ دەدات تا بە درۆ وای نیشان بدات کە دژبە بێکاری سەرچاوەگرتوو لە قەیرانی ئابووری لە حاڵی بەرەنگاربوونەوەدایە و لەم ڕێگەوە کەمی دەکاتەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە پێکهاتەی سەرمایەداری و گەندەڵی حکوومەت خۆی هۆکاری بێکاری بەرین و باقی کێشە و گرفتە ئابوورییەکانە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا، کۆچبەرانی ئەفغانستانی یەکجار چەوساندووەتەوە. ئەوان بۆ سەرمایەداران هێزی کاری هەرزان و کەمتر ناڕازی بوون. کرێکارانی ئەفغانستانی بەشێکی زۆر لە ناوەندە سەنعەتییەکان و پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەیان لە ئێران دروست کرد بەڵام لە بیمە، شوێنی نیشتەجێ بوونی گونجاو و ئیمکاناتی دیکەی کرێکاران لە شوێنی کار و ... بێبەری بوون. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی نەک هەر لە هێزی کاری هەرزانی کرێکارانی کۆچبەر سەروەت و سامانی کەڵەکە کرد، بەڵکوو لەلایەکی دیکەوە پەرەی بە بیری گەندەڵی ڕەگەزپەرستی و دژەئەفغان دا تا مەبادا کرێکاران و خەڵکی ئێران لەگەڵ پەنابەراندا یەکبگرن. ئاراستەی ناسیۆنالیستی و پان ئێرانیستیش لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دژایەتی و ستەمیان بەرامبەر بە پەنابەرانی ئەفغانستان گرتە بەر و لەم بوارەدا خۆیان خستە بەرەی کۆماری ئیسلامییەوە.

ئێستا و لەم قۆناغەدا بە دەرکردنی پەنابەرانی ئەفغانستانی، کۆماری ئیسلامی بەکردەوە ئەوان ڕەوانەی جەهەنەمی ژێر دەسەڵاتی تاڵەبان دەکات. هەرچەند کۆچبەرانی ئەفغان لە ئێرانیش زۆر لەژێر ستەمدا بوون، بەڵام بەشێک لە منداڵانی ئەوان دەیانتوانی بخوێنن و بەگشتی پیاوان کاریان هەبوو و مەمرە و مەژی ژیانیان بەڕێ دەکرد. بەڵام لە ئەفغانستانی گرفتار لەناو چنگی هەژاری و نەهامەتی ئابووری، لەژێر دەسەڵاتی ئیماراتی ئیسلامی تاڵەباندا، ژنان لە مافی کار و خوێندن بێبەش کراون و زیاتر لە بیست ملیۆن کەس بێکارن و بەکردەوە هیچ کارێک بۆ ئەوان بوونی نییە و منداڵانی کچ ناتوانن بخوێنن و کارەساتی خۆفناک چاوەڕوانیان دەکات.

پەنابەران، لە جەریانی ئەم کۆچە زۆرەملی و نامرۆڤانەیەدا ستەمی چەند بەرابەریان بەسەردا سەپاوە و خاوەنکارانی قازانجپەرست و هێندێکی تر، داخوازی و حەقی کرێکارانی ئەفغانستانی نادەن. لەم ڕووەوە پێویستە تا ئەوپەڕی توانا، ناوەندەکان و خەڵک یارمەتییان بدەن تا حەق و مافی خۆیان لە خاوەنکاران و ڕەهنی خۆیان لە خاوەن ماڵە بەتەماعەکان وەربگرن.

ئێستا ئەرکی هەموو ئێمە کرێکاران و خەڵکی شەریف و ئازادیخوازە کە لەئاست ئەم سەرکوت و وەحشیگەرییەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر کۆچبەرانی ئەفغانستانی، نارەزایەتی دەربڕین. ئەوان ساڵەها لە ئێران کاریان کردووە و ژیاون و بەشێک لە چینی کرێکاری ئێران بەحیساب دێن و منداڵەکانیان لە ئێران گەورە بوون. ئەوان نەک هەر مافی ئەوەیان هەیە وەک کۆچبەر لە ئێراندا بن، بەڵکوو شیاوی مافی هاووڵاتی ئێران و شیاوی مافی بەتەواو مانا یەکسان لەگەڵ هەموو خەڵکی دیکەن.

دەسەڵاتی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و تاڵەبان دوژمنی کرێکارانن و لە هەر دەرفەتێک بۆ چەوساندنەوەیان دەریغ ناکەن. ئەو پەنابەرە ئەفغانستانیانەی کە بۆ ئەفغانستان دەگەڕێنەوە بە داخوازی زۆریانەوە بەرامبەر بە حکوومەتی کۆنەپەرستی تاڵەبان بەڕیز دەبن و بێگومان دەتوانن خەباتی خۆیان لە بارودۆخی نوێدا بەڕێوەبەرن و ڕێکیبخەن.

لەم بارودۆخەدا ئەرکی چالاکانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرامبەر سیاسەتی نامرۆڤانە و



کۆنەپەرستانەی کۆماری ئیسلامی، بەرگری کردنی لێبڕاوانە لە مافی پەنابەران و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتی فریوکارانە و سەرکوتگەرانەی حکوومەتی ئیسلامییە. ئێمە سۆسیالیستەکان، چالاکانی کرێکاری و جەماوەری ئازادیخواز، پشتیوانی کۆچبەرانی ئەفغانیستانین و هەرجۆرە ستەمێکی نەتەوەیی و ڕەگەزی و گەڕاندنەوەی زۆرەملێیان ئیدانە دەکەین. نە تەنیا ئەرکی ئەنترناسیۆنالیستی ئێمەیە کە پشتیوانییان لێ بکەین، بەڵکوو ئەوان بە بەشێک لە چینی کرێکار و خەڵکی ئێرانیش دەزانین.

هەینی ٢٠ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی

١١ی جولای ٢٠٢٥ زایینی

واژۆکان:

ڕێکخراوی سۆسیالیستە کرێکارییەکانی ئەفغانستان

ئیتحادی سۆسیالیستی کرێکاری

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست

ڕێکخراوی ڕاهی کاریگەر

ڕێکخراوی فەدائیان (ئەقەلیەت)

هەستەی ئەقەلییەت

❊❊❊

# هەڕەشە و هەڵێت و پڵێتەکانی خامنەیی بە ئامانجی پەرەپێدانی سەرکوت

ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی مانگی پووشپەڕ عەلی خامنەیی لەدوای هاتنە دەری لە پەناگا، کە لە سەرەتای شەڕی ١٢ ڕۆژەوە واتە لە ٢٣ی مانگی پووشپەڕەوە بۆ ماوەی ٢٢ ڕۆژ خۆی حەشاردابوو، بۆ یەکەم جار بەئاشکرا سوخەنرانی کرد. خامنەیی یەکەمین سوخەنرانی خۆی بە حزووری موحسنی ئێژەیی سەرۆکی دەزگای قەزایی و باقی بەرپرسانی ئەم ناوەندە سەرکوتگەرەی ڕژیم بەڕێوەبرد و لە وتارێکی خوراڤی و درۆینەدا دەستی کرد بە هەڕەشە و هەڵێت و پڵێت وتن. خامنەیی وتی: "خودا خەڵکی بۆ پشتیوانی کردن لە دەوڵەت و نیزام هێنایە مەیدان و بەپێچەوانەی تەسەوری دوژمن، خەڵک بە گیان و ماڵ پشتیوانییان لە نیزام کرد". بەڵام خەڵکی تێکۆشەر لەم پەیوەندییەدا نە هاتنە سەر شەقام و نە لە ڕژیمی ئیسلامی پشتیوانییان کرد. بەڵکوو بە قایم کردنی هاوپشتی خۆیان، ئەم قۆناغە لە شەڕیان تێپەڕاند و هەنگاوێکی دیکەیان لە مەسیری ئامادەبوون بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی هەڵگرت. بەپێچەوانەوە، هەر ئەم هاوپشتییەی ناو ڕیزەکانی ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێران، خامنەیی و باقی سەرانی ڕژیمی تۆقاندووە.

خامنەیی لەم کۆبوونەوەدا ئامانجی سەرەکی خۆی لە یەکەمین دیداری ئاشکرا لەدوای هاتنەدەری لە پەناگا لەگەڵ سەرۆک و بەرپرسانی دەزگای قەزایی باس کرد. ناوبراو داوای کرد "دادگا ناوخۆییەکان" بە توندی مامەڵە لەگەڵ کەسانێک بکەن کە لە سەردەمی شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، هەڵوێستیان لە دژی خواست و چاوەڕوانییەکانی ڕژیم گرت و ڕاستییەکانی شەڕیان دەربڕی یان بڵاویان کردەوە. لەم پێوەندییەدا خامنەیی وتی: دەسەڵاتی قەزایی دەبێ بە جددی و بە وردبینی و وریایی تەواو و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لایەنەکان لە ڕێگەی دادگا نێودەوڵەتی و نێوخۆییەکانەوە بەدواداچوون بۆ تاوانەکانی ئەم دواییە بکات. وتیشی: "خەڵکی ئێران، بەتایبەتی گەنجان، کە لە دوای شەڕی ئەم دواییە شور و هەیەجانیان هەیە، نابێ بێ تاقەت بن؛ نابێ بڵێن بۆ وا نەبوو؟ بۆچی واتان نەکرد؟ بۆچی کارێک نەکرا؟ ڕەخنە و ناڕەزایەتی بەرامبەر بە بەرپرسانی نیزام بە بەشی نیزامی و دیپلۆماسیشەوە، دەگەڕێتەوە بۆ نەزانینی ئەوان. سەرەتا دەبێت زانیاری دروست بەدەست بهێنن و بۆچوونەکانیان بە شێوەیەکی گونجاو دەربڕن". لە ڕوانگەی خامنەییەوە خەڵک دەبێ زانیارییەکانیان لە دەزگا تەبلیغییەکانی درۆ و ساختەکاری ڕژیمی ئیسلامی بەدەست بێنن کە لە ڕوانگەی خەڵکەوە دەیان ساڵە هیچ ئیعتبارێکیان نییە.

لێدوانەکانی عەلی خامنەیی دانپێدانانە بە بوونی ڕەخنەی ناوخۆیی و دەرەکی و ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە سیاسەت و کردەوەی بەرپرسانی نیزامی و دیپلۆماسی حکوومەتی ئیسلامی لە پێوەند لەگەڵ شکستی شەرمەزارانەی کۆماری ئیسلامی لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئیسرائیلدا. واتە ئەو شەڕەی کە تێیدا بۆ ماوەی ١٢ ڕۆژ ئاسمانی ئێران بە بێ هیچ سیستەمێکی بەرگری لە ئیختیار و کۆنترۆڵی فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیلدا بوو. ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندە پلە بەرزەکانی سپای پاسداران، ئەرتەش و زانا ئەتۆمییەکانی ڕژیم کوژران. دامەزراوە ئەتۆمییەکان و ناوەندە حکوومەتییەکانی دیکە زەربەی سەختیان بەرکەوت. وە خامنەیی و باقی بەرپرسانی ڕەوانەی پەناگا کرد. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەمانە خامنەیی بێشەرمانە ئیدیعای سەرکەوتن لەو شەڕەدا



دەکات. ئامانجی خامنەیی لە وتنی ئەوەیکە بەرپرسانی دەزگای قەزایی لە دادگا ناوخۆییەکانیشدا جنایاتی ئەم دواییە بە وردی و بە هوشیاری تەواوەوە پەیگیری بکەن، شتێک نییە بێجگەلە چرای سەوز دان بۆ سەرکوتی هەرجۆرە دەنگێکی ڕەخنەگر و ناڕازی لە پەیوەند لەگەڵ شەڕی ئەم دواییە، چ لەناو دەزگای حکوومەتدا و چ لەناو خەڵکی ئاساییدا. هەڵبەت دەزگای گەندەڵی قەزایی حکوومەتی ئیسلامی، بەدوای شکستی سەرشۆڕانەی نیزامی و دیپلۆماسی، وەک هەمیشە بە ئامانجی پێکهێنانی فەزای ترس و وەحشەت لە کۆمەڵگا و کپ کردنی هەر دەنگێکی دژبەر و ناڕازی، بە سەپاندنی تۆمەتی "جاسووسی بۆ ئیسرائیل" بە بێ هیچ دەلیل و بەڵگەیەک، دەستی کرد بە پەرەپێدانی حوکمی ئێعدام بۆ بەندکراوان و زیندانی درێژماوە بۆ چالاکانی بزووتنەوە ناڕەزایەتی و کۆمەڵایەتییەکان.

خامنەیی لە بەشێکی تر لە سوخەنرانییەکەیدا وێڕای تاریف کردن و پێهەڵکوتن بە شەڕ ئیدیعای ئەوەی کرد کە شەڕ بووەتە هۆی "وەحدەتی مەزنی میللی" لە ئێران و لە دەزگای قەزایی داوای کرد کە ئەم بەناو "وەحدەتە" بپارێزێت. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئاکامی شکستی ئاشکرای کۆماری ئیسلامی لە شەڕی ١٢ ڕۆژە، بۆشایی و دەرەی گەورەی نێوان خەڵک و حکوومەتی قووڵتر کردووەتەوە. ئەم شەڕە بێ کفایەتی و بێ لیاقەتی کۆماری ئیسلامی بەرچاوتر نیشان دا. ئیدیعای درۆینەی "ئیقتداری حکوومەتی ئیسلامی" عەلی خامنەیی و تەبلیغات و هەڵێت و پڵێتی فەرماندەکانی سپای پاسداران واتە "ئەگەر ڕژیمی سەهیۆنیستی هەڵەیەک بکات، ئیسرائیل نابوود دەکەین"، هەر هەموویانی لەبەرچاوی خەڵک وەدرۆ خستنەوە. ئاکامەکانی ئەم شەڕە کورتە نیشانی دا کە دەوڵەتی ئیسرائیل تۆڕێکی بەرینی لە مۆرەکانی خۆی لەئاستی باڵای ڕێبەری سیاسی و فەرماندە گەندەڵە نیزامییەکانی ڕژیمی ئیسلامی و باقی ئاستەکانی کۆماری ئیسلامی ڕێکخستووە. کە ئەوەش خۆی ڕەنگدانەوەی ڕیشەداکوتانی گەندەڵی لەناو پێکهاتەی حکوومەتی ئیسلامیدایە.

ڕۆژی دوای ئەم کۆبوونەوەیە، موحسێنی ئێژەیی جنایەتکار بۆ ئیجرایی کردنی دەستووراتی خامنەیی، سەرۆکەکانی دادگوستەری و دادستانەکانی ناوەندی پارێزگاکانی بانگ کرد و لە پەیوەند لەگەڵ پەروەندەی تۆمەتبارانی شەڕی ١٢ ڕۆژە دەستووراتێکی دەرکرد. ئەو وتی: "فەرمایشاتی ڕێبەری مەزن بۆ هەمموو ئێمە بەرپرسانی قەزایی چرای هیدایەتگەری ڕێگایە. بەدواداچوون بۆ جنایاتی ئەم دواییە، لە سەرەکیترین داواکارییەکانی ڕێبەرە". ئێژەیی وتی، خێراکردنەوە و زوو یەکلاییکردنەوەی پەروەندەکانی پەیوەندار بە ڕژیمی سەهیۆنیستی پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە و نابێ بە هیچ شێوەیەک وەدرەنگی بکەوێ.

وتەکانی خامنەیی و هەوڵەکانی ئێژەیی قاتڵ نیشانەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بەدوای شکستی زەلیلانەی لە شەڕی ١٢ ڕۆژەدا، بۆ جارێکی تر دەیهەوێ بە پەرەپێدانی ئێعدام و پێکهێنانی کەشوهەوای ترس و تۆقاندن لە کۆمەڵگا، کرێکاران و باقی توێژە ناڕازییەکان لە بارودۆخی فەلاکەتبار، بێکاری، گرانی، هەژاری و برسیەتی و نەبوونی ئازادی لە ژێرناوی "جاسووسی ئیسرائیل"دا سەرکوت بکات تا دەسەڵاتە نگریسەکەی بۆ ماوەیەکی تر درێژە بدات. دەسەڵاتدارانی دز و گەندەڵی ڕژیم نایانهەوێ قبووڵی بکەن کە هاوسەنگی هێز، ئێستا بە قازانجی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش گۆڕاوە. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێستا لەوپەڕی لاوازی و زەبوونیدا کەوتووەتە بنبەستەوە و ڕێگایەکی بۆ تێپەڕین لەو قەیرانە هەمەلایەنانەی کە بەرۆکیان گرتووە، نییە. لە وەها بارودۆخێکدا بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرامبەر شەپۆلی نوێی گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامدا دەست لەسەر دەست دانانێن و بە دەستپێکردنەوە و درێژەدانی مانگرتن و ناڕەزایەتییەکانی خۆیان، کۆماری ئیسلامی ناچار بە پاشەکشە دەکەن. بێگومان مانگرتن و ناڕەزایەتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان بە ئاراستەیەکی هێرشبەرانەترەوە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی دەخەنە ژێر فشارەوە و لەسەر بەستێنی ئەم خەباتە، پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی ئامادە دەکەن.

***

# بەیاننامەی سیاسی کۆنفرانسی سێهەمی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان

کۆنفرانسی سێهەمی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان کە لە ڕۆژانی ٧ و ٨ی مانگی پووشپەڕی ١٤٠٤ بەرابەر لەگەڵ ٢٨ و ٢٩ی جولای ٢٠٢٥ لە شاری ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو، جیا لە هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرتی چالاکییەکانی شۆرا لەماوەی دوو کۆنفراس و ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دیکە، کولیاتی بەیاننامەیەکی سیاسیی کە لەلایەن هەیئەتی هاوئاهەنگییەوە پێشکەشکرابوو، پەسند کرد. وە تەکمیلکردن و وردبوونەوەی بەپێی باسەکانی کۆنفرانسی بە هەیئەتی هاوئاهەنگی خۆی ئەسپارد. بینەرانی ئازیز، ئەوەی لێرەدا پێشکەشتان دەکرێ، بەشی یەکەمی ئەم بەیاننامەیە کە لەلایەن هەیئەتی هاوئاهەنگی شۆرای هاوکارییەوە ئامادە و بڵاوکراوەتەوە.

سێهەمین کۆنفرانسی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان لە بارودۆخێکدا بەڕێوەچوو کە نیزامی سەرمایەداری بە بەهێزکردنی ڕەوتە ڕاستە توندڕەوەکان لەئاستی جیهانیدا نەتەنیا پەرەی بە چەوساندنەوە و هەژاری و بێبەشی ئابووری داوە، بەڵکوو بەستێنەکانی پەرەسەندنی شەڕ و جینۆساید، نائەمنی، بێگانەهەراسی (نێئۆفاشیزم) و لەناوبردنی ژینگەی فەراهەم کردووە. دەوڵەتانی سەرمایەداری زیاتر لە ڕابردوو بوونەتە ئامرازێک لە خزمەت بەرژەوەندی سەرمایەدا. ئەو ئامرازەی کە هێرش بۆسەر مافی کرێکاران، ئازادی سیاسی، بایەخە ئینسانییەکان و دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکان زەمانەت دەکات. نموونەی بەرچاوی ئەم بارودۆخە، درێژە و پەرەسەندنی شەڕە، لەوانە شەڕ لە ئۆکراین و جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە. ئەو شەڕانەی کە نەتەنیا ڕەنگدانەوەی کێبەرکێ ژئۆپۆلیتیک و نیزامی نێوان بلۆکەکانی سەرمایەداری جیهانییە، بەڵکوو ئاکامی وێرانگەری بۆ خەڵکی ناوچەکە، بۆ پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و بۆ ژیانی ئینسانەکان لێکەوتووەتەوە.

لەم بارودۆخەدا، سەرەڕای گەشەی بێوێنەی تێکنۆلۆژی و چوونەسەری بەرچاوی ئاستی بەرهەمهێنان، بۆشایی نێوان هەژاری و سەروەت لەئاستی جیهانیدا قووڵتر بووەتەوە و ملیۆنان ئینسان لە بارودۆخێکی دژواردا ژیان بەسەر دەبەن و ژینگە کەوتووەتە ژێر مەترسی جدییەوە. لە ئاوا بارودۆخێکدا، ناڕەزایەتی و مانگرتنی کرێکاری لە کاردانەوە بە سیاسەتی ئابووری دەوڵەتەکان، بزووتنەوەی جیهانی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین و ناڕەزایەتی دژبە جینۆسایدی ڕژیمی ئیسرائیل و پشتیوانانی لە ناتۆ، خەباتی دژی ئاپارتایدی نەژادی و جنسیەتی، بزووتنەوەکانی پاراستنی ژینگە و بەرگری لە ئازادییە سیاسییەکان، هەر هەموویان بەستێنە گرینگەکانی درێژە و گەشەی چالاکی سۆسیالیستی لەئاستی جیهاندان و هیوا بۆ بنیاتنانی جیهانێکی ئازاد، بەرابەر و ئینسانییان زیندوو ڕاگرتووە.

ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش یەکێک لە ناوەندەکانی قەیرانی نیزامی سەرمایەدارییە. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کاتێکدا کە هێشتا لەژێر باری ئاکامە قورسەکانی لەشکرکێشی ئەمریکا بۆسەر ئەفغانستان و عێراق و شەڕ و کاولکاری لە سووریە و ئاکامەکانی سەرکوتی خوێناوی ئاخێزە جەماوەرییەکان لەم ناوچەیە پشتی ڕاست نەکردووەتەوە، بۆ جارێکی تر لە ئاکامی کێبەرکێی دەسەڵاتەکانی سەرمایەداری جیهانی و دەوڵەتەکان و هێزە هاوپەیمانەکانیان، شەڕی جەمسەرە تیرۆریستەکانی پەرەپێداوە و ژیانی سەدان هەزار کەسی بەرەو تەباهی بردووە. هێرشی تیرۆریستی ڕێکخراوی حەماس لە حەوتی ئۆکتۆبری ٢٠٢٣ و بەدوایدا جنایاتی جەنگی و نەسلکوژی دەوڵەتی فاشیستی ئیسرائیل لە غەززە دژبە خەڵکی فەلەستین بە پشتیوانی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئورووپایی لە ناتۆ کە لەئێستادا زیاتر لە ٢٠ مانگە لەئارادایە، قۆناغێکی مەترسیدار لە شەڕ و ناسەقامگیری بەسەر ئەم ناوچەیەدا سەپاندووە. دەوڵەتی ئیسرائیل لە درێژەی جینۆساید لە غەززە بە هێرشکردنی بۆسەر حیزبوڵڵا لە لوبنان و دووبارە پێناسەکردنەوەی ئامانجەکانی شەڕ لە پێناوی پێکهێنانی نەزمێکی ناوچەیی دڵخواز و بۆ تێکشکاندنی یەکجاری "هێزەکانی میحوەری موقاوەمەت" شەڕی بردە قۆناغێکی نوێوە. لە قۆناغی دواتری ئەم شەڕەدا، کە بە پلانی هاوبەشی دەوڵەتانی ئیسرائیل و ئەمریکا و بە هێرشی ئاسمانی ئەرتەشی ئیسرائیل بۆسەر ناوەندە ئەتۆمی و نیزامی و فەرماندەییەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و شوێنە گشتییەکان دەستپێکرد و بە هێرشی بەرامبەری مووشەکی و درۆنی سپای پاسداران وەڵامی وەرگرتەوە، سەدان کەس لە هاووڵاتییانی بێدیفاع لە ئێران و




دەیان کەسی مەدەنی لە ئیسرائیل گیانیان لەدەستدا، ملیۆنان کەس ناچاربوون ماڵەکانیان جێبهێڵن و وێرانییەکی بەربڵاو لێکەوتەوە. هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەرتەشی ئەمریکا بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی فۆردۆ، نەتەنز و ئیسفەهان ئەوپەڕی ملهوری میلیتاریستی ئەمریکا بۆ تەسلیم کردنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەژێرناوی "ئاگربەس"ی نیشان دا.

لەم ڕووەوە، شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، ڕێکخراو و ناوەندە کرێکارییەکان و زیندانیانی سیاسی و ئینسانە ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبەکان لە سەرتاسەری ئێران هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە بەهۆی ناسینی سرووشتی کۆنەپەرستانەی سیاسەتی لایەنەکانی ئەم شەڕە ڕایانگەیاند کە ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە مەحکوومە و دەبێ دەستبەجێ ڕابگیرێت.

هەروەک پێشبینیمان کردبوو و شەڕی دوازدە ڕۆژەش نیشانی دا، ئەم شەڕە جیا لە خەساری گیانی و وێرانییەکانی، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی کۆمەڵگای خستە پەراوێزەوە، ڕەوتی پێگەیشتنی ئەم بزووتنەوانەی لە بواری خۆڕێکخستنەوە وەستاند و زیانی بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی گەیاند. لە جەریانی ئەم شەڕەدا، شەڵتەنەتخوازانی فاشیست، بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی و هەندێک لە ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان کە بە فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل و دەستووردانی نیزامی ئەمریکا بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و دەست بە دەست بوونی دەسەڵات لەسەرەوەی ئیرادەی خەڵک ئومێدیان بەستبوو، بۆ جارێکی تر قووڵایی نامۆبوونی سیاسەتەکانی خۆیان لەگەڵ بەرژەوەندی کرێکاران و خەڵکی ئێران نیشان دا. بەپێچەوانەی تەسەور و پێشبینی لایەنە ئۆپۆزیسیۆنە ڕاستەکان کە پێیان وابوو بەدرێژەی هێرشی ئاسمانی ئەرتەشی ئیسرائیل، خەڵکی ئێران وەک پیادەنیزامی ئەم شەڕە دەڕژێنە سەر شەقام و بەستێنی دەست بە دەست بوونی دەسەڵات لە سەرەوە بۆ ئەوان فەراهەم دەکەن، خەڵکی ئێران نهایەتی بلووغ و پێگەیشتوویی سیاسی خۆیان نیشان دا.

کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە پشت بەستن بەو ئەزموونە بەنرخانەی کە بەدەستیان هێناوە و بە ئاگاداربوون لەو بابەتەی کە هێشتا پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە بواری ڕێکخستن و شکڵ دان بە ڕێبەری سەرتاسەری ئامادە نەکراوە و بەهۆکاری ئەوەیکە چوون بۆ ناو نەبەردی نهایی لەدژی کۆماری ئیسلامییان بە پێشوەختە دەزانی، هیچ بایەخێکیان بە هات و هاواری تەبلیغاتی میدیاکانی بورژوازی نەدا و قۆناغی شەڕ و نائەمنییان بە بەهێزکردنی هاوپشتی لە ناو ڕیزەکانی خۆیان تێپەڕاند. کرێکاران و ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی ئێران بە یەکگرتوویی و هاوپشتی و ڕێکخستن و هاوسۆزی ئینسانی، ئامادەیی خۆیان بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ نەهامەتییەکانی شەڕ نیشاندا.

## ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لە ئێران و کوردستان و سیاسەتی ئێمە

لە وەها بارودۆخێکی جیهانی و ناوچەییدا و لە کاتێکدا کە حاڵەتی "نە شەڕ، نە ئاشتی" هەروا سێبەری شەڕی بەسەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، کۆمەڵگای ئێران لەبەردەم ئاڵوگۆڕی چارەنووسسازدایە. کۆماری ئیسلامی، کۆماری ئیسلامییەکەی پێش شەڕی دوازدە ڕۆژە نییە. ئەم ڕژیمە دوای ئەو شکستە زەلیلانەیەی لە شەڕی ١٢ ڕۆژەدا تووشی بوو و دوای ئاشکرابوونی نفووزی موساد لە باڵاترین پێکهاتەی حکوومەتی و فەرماندەیی، زیاتر لە ڕابردوو مەشرووعییەتی خۆی لای بیروڕای گشتی لەدەست داوە.

پێگەی ناوچەیی ڕژیم لاوازتر و قەیرانی ئابووری قووڵتر بووەتەوە و پرتووکاوبوونی ژێرخانەکانی بەرهەمهێنان و گەیاندنی وزە، حکوومەتی ئیسلامی لە دابین کردنی نان و بەرق و ئاوی خەڵک و ئیدارەی کۆمەڵگا بێتواناتر کردووە. ئەم قەیرانە چەند لایەنانە، قەیران و ململانێ و کێشمەکێشی ناو حکوومەتیش پەرەپێدەدەن. وە بێگومان بەسەرەنجدان بە بێتوانایی ڕژیم لە وڵامدانەوە بە سەرەتاییترین خواستەکانی خەڵک، بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان دووبارە و بە شێوازێکی هێرشبەرانەتر دێنە مەیدان. کۆمەڵگایەک کە لەماوەی کەمتر لە هەشت ساڵدا سێ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و جەماوەری و شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی تێیدا شکستی خواردووە، تەجروبەی کردووە، دەست لەسەر دەست دانانێ و لە خەباتی بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بەردەوام دەبێت.

پەرەپێدانی سەرکوت، هەژاری و بێکاری بێوێنە، نەبوونی ڕێکخراوەکانی جەماوەری و چینایەتی و سەرتاسەری کرێکاران، نەبوونی هاوئاهەنگی و پەیوەندی جێگیر لە نێوان بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان و نەبوونی ڕێبەری سەرتاسەری، لە بەربەستە گرینگەکانی سەر ڕێگای ڕووخاندنی

کۆماری ئیسلامین. بەم حاڵەوە، مانگرتن و نارەزایەتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش توانیویەتی گەلێک پاشەکشەی گەورە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا بسەپێنێت و بووەتە هۆی پێشڕەوییان لە بواری ڕێکخستنەوە.

بزووتنەوەی پرگڕوتین و ئازادیخوازانەی ژنان وەک یەکێک لە بزووتنەوە پێشەنگەکان بە خستنە ژێر پێی یاسای ئیسلامی و پیاوسالار بەکردەوە کۆماری ئیسلامی لە داسەپاندنی حیجاب تووشی شکست کرد. بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی دادخوازی، بزووتنەوەی دژی ئێعدام کە کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" لە پشت میلەکانی زیندانەوە ئاڵاکەیان بەرز کردووەتەوە، وە باقی بزووتنەوە ئیعترازییەکان، سەرەڕای هەوراز و نشێوەکان، ڕۆڵێکی بەرچاویان لە پاشەکشەپێکردن بە کۆماری ئیسلامی بینیوە. بەگشتی، پۆتانسیەلی ئەم بزووتنەوانە کە ئامانجیان ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییە، بووەتە هۆی گۆڕانی جدیی هاوسەنگی هێز بە قازانجی درێژەی خەباتی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش.

شەڕی ئەم دواییە وەستانێکی لە جموجۆڵ و خەباتی بزووتنەوە ڕادیکاڵەکاندا پێکهێناوە. لە قۆناغی دوای شەڕدا کۆماری ئیسلامی بە پەرەپێدانی سەرکوت و ڕەشبگیری بەردەوامی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، شەپۆلی ئێعدامەکان، پەرەپێدانی فشار و دەرکردنی پەنابەرانی ئەفغانستانی، لە هەوڵی ئەوەدایە تۆڵەی شکستی زەلیلانەی بەرامبەر بە ئیسرائیل، لە خەڵک بکاتەوە. بەڵام ڕژیمی کۆماری ئیسلامی داماوتر و دەرماندەتر لەوەیە کە بتوانێ جەماوەر چاوترسێن بکات. بێگومان ئەم قۆناغە کاتی دەبێت و کۆمەڵگای ئێران بەخێرایی ئەم قۆناغە تێدەپەڕێنێت. هاتنە مەیدانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و کۆمەڵایەتی بەربەرین بە میحوەریەتی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە ڕادیکاڵەکان، لە ئاسۆدایە.

## کۆمەڵگای کوردستان، گۆڕەپانی بەهێزی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و ناڕەزایەتی

لە قۆناغی شۆڕشی ٥٧ی هەتاوییەوە هەتا ئێستا کۆمەڵگای کوردستان بەردەوام یەکێک لە ناوەندە پرگڕوتینەکانی خەبات و خۆڕاگری لەدژی ڕژیمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی بووە. وە بەتایبەت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە و مافخوازانەی لە هەموو بوارەکاندا سیاسەتی سەرکوتگەرانەی ئەم ڕژیمە جنایەتکارەیان بردووەتە ژێر پرسیارەوە و هەر جۆرە هێرشێکی ئەم دەسەڵاتەیان بە هێرشی بەرامبەر وڵام داوەتەوە. ئەم بارودۆخە، هاوسەنگییەکی هێزی جیاواز و باشتری بەقازانجی خەباتی کرێکاران و خەڵکی مافخواز پێکهێناوە. سەرهەڵدانی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە لە دوای قەتڵی حکومەتی ژینا لە شارەکانی کوردستان و گەشەکردنی بۆ سەرتاسەری ئێران، لەسەر بەستێنی وەها پێشینەیەکی سیاسی و خەباتکارانە مومکین بوو. لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١دا خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان لەئاستی کۆمەڵایەتیدا نیشانیاندا کە بۆ وەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانی خۆیان بە شتێک کەمتر لە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ڕازی نابن. هەروەها نیشانیشیان دا کە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لە مەسیری یەکگرتن و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەریدا دەبینن.

## دوو بزووتنەوە و دوو ئاڵترناتیڤ

لە کوردستان هەروەک زۆرێک لە کۆمەڵگاکانی سەرمایەداریی دیکە، لەسەر بەستێنی وجوودی چینەکان دوو بزووتنەوەی سیاسی جیاوازی کۆمەڵایەتی، بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی و بزووتنەوەی سۆسیالیستی وەک دوو بەرەی ڕاست و چەپ لە قۆناغی شۆڕشی ٥٧ەوە هەتا ئێستا لە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم کۆمەڵگایەدا دەورونەخش دەنوێنن. لەسەر بەستێنی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانە، حیزب و هێزە سیاسییە جۆراوجۆرەکان بە ستراتێژی و فەرهەنگ و سوننەت و تاکتیک و شێوازە جۆراوجۆرەکانی چالاکی، مۆری خۆیان لە ئاڵوگۆڕەکان و لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگای کوردستان داوە. حیزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان بەهۆی ئەو ئاڵوگۆڕە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی کە لەسەر ئاستی جیهان، ناوچەکە و کوردستان بەتایبەت لە سێ دەیەی ڕابردوودا ڕوویان داوە، زیاتر خۆیان لەگەڵ بەرژەوەند و ئاراستەی چینی سەرمایەدار و خاوەن سەروەت لە کوردستاندا گونجاندووە. ئەم حیزبانە ئەگەرچی بەناو، بۆ نەمانی ستەمی نەتەوایەتی بەرنامە گەڵاڵە دەکەن بەڵام ئامانجی سەرەکی خۆیان بەشداربوون لە دەسەڵاتی ناوچەیی لە هەر ڕێگەیەکەوە بێت، پێناسە دەکەن. ڕیشەی هەوڵی ئەحزابی ناسیۆنالیست لە کوردستان بۆ نزیکبوونەوە لە سەڵتەنەتخوازەکان و ڕەزا پەهلەوی و ئۆپۆزسیۆنی بورژوازی نیولیبراڵی لایەنگری ڕۆژاوا و ئامادەبوونیان بۆ سازان لەسەر بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان لە بەرامبەر بەدەستهێنانی ئیمتیازاتی بێ بایەخ، لەم ستراتێژییەوە سەرچاوە دەگرێت. بەو پێیەی ئەرک و توانای مێژوویی چینی سەرمایەدار و حیزب و هێزە ناسیۆنالیستەکان بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگا و نەهێشتی ستەمی نەتەوایەتی دەمێکە کۆتایی هاتووە. ئێستا ئەم ئەرکە مێژووییە و ڕیشەکێش کردنی هەڵاواردن و نابەرابەرییەکان لەوانە کۆتایی هێنان بە ستەمی چینایەتی بەشێوەی دیموکراتیک، لەسەر شانی چینی کرێکار و سۆسیالیستەکانە کە لەسەر بەستێنی خەباتی ئەم چینە چالاکییەکانیان درێژە دەدەن. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ژنانی ئازادیخواز و ستەملێکراوی کوردستان و بزووتنەوەی سۆسیالیستی کرێکاری، مۆتۆری حەرەکەتی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان بۆ دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک، کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوەیی و وەدیهێنانی مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش و ستەملێکراوی کوردستانن. شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان خۆی بە بەشێکی دانەبڕاو لە ئاڵترناتیڤی چەپ و سۆسیالیستی بۆ بەهێزکردنی ئاڵترناتیڤی کرێکاری و شورایی لە سەرتاسەری ئێران و کوردستان دەزانێت.

کۆنفرانس لە کۆتایی کاری خۆیدا ٦ کەس لە ١٢ کەسی ئەندامی سەرەکی هەیئەتی هاوئاهەنگی دەوری داهاتووی لە ناو هاوڕێیانی سەربەخۆدا هەڵبژارد کە بریتین لە هاوڕێیان: محەممەد ئەرانی، شیوا سوبحانی، خالید عەلیپەنا، پڕشنگ بەهرامی، محەممەد وەلەدی و مریەم مستەفا سوڵتانی. هەروەها هاوڕێ محەممەد عوزەیری وەک ئەندامی جێگرەوە هەڵبژاردرا. پاشان کۆمیتەی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست، تەشکیلاتی کوردستانی ئیتحادی سۆسیالیستی کرێکاری و کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر کامیان ٢ کەس واتە بە گشتی ٦ کەسیان وەک نوێنەرانی خۆیان بۆ هەیئەتی هاوئاهەنگی ناساند. بینەرانی ئازیز، ئەوەی لێرەدا پێشکەشتان دەکرێ، بەشی سێهەمی ئەم بەیاننامەیە کە لەلایەن هەیئەتی هاوئاهەنگی شۆرای هاوکارییەوە ئامادە و بڵاوکراوەتەوە.

کۆنفرانسی سێهەمی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی وەرچەرخاوی ئێستا و ناوەڕۆکی گفتوگۆ و هەڵوێستەکانی کۆنفرانس، وێڕای دووبارە جەختکردنەوە لەسەر بڕیارە بنەڕەتییەکانی ئەم شۆرایە تا ئێستا، ئەم سیاسەتەی خوارەوە ڕادەگەیەنێت و بۆ جێبەجێ کردنی تێدەکۆشێت:

١ لە جەریانی شەڕی دوازدە ڕۆژەدا و دواتری، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی شەپۆلێکی بەربڵاوی لە دەستبەسەرکردن و ڕەشبگیری لەژێرناوی "گرتنی جاسووسی ئیسرائیل" و ئێعدامی زیندانیان بە ئامانجی چاوترسێن کردنی جەماوەر و سەرکوتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکانی لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران خستووەتە ڕێ. ژمارەیەکی زۆر لە دەستبەسەرکراون خەڵکی ئاسایی و پەنابەرانی ئەفغانستانی بوون. بەر لە هەموو شتێک پێویستە ئەم شەپۆلەی سەرکوت پاشەکشەی پێبکرێت. نابێ ڕێگە بدەین سەرانی کۆماری ئیسلامی، زەلیلانە و داماوانە، بە خەیاڵی خاویان لایان وابێ کە دەتوانن کەشوهەوای دوای شەڕی ئێران و عێراق بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکەن.

لە بارودۆخی ئێستادا بەهێزکردن و پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بە خواستی ئابووری و سیاسی لە ئەولەوییەتەکانی چالاکی ئێمەیە. هەڵسووڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە نابێ هیچ دەرفەتێک بۆ گەشەپێدان بەم بزووتنەوانە لە دەست بدەن. ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە مەسیری پەرەپێدان و پێشڕەوی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیانەوە تێدەپەڕێت.

٢/ پایەیەکی سەرەکی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان ڕێکخستنە. لەم ڕووەوە، نابێ لە هیچ هەوڵێک بۆ یارمەتیدانی کرێکاران لە ڕێکخستنی جەماوەری و چینایەتیدا دەریغ بکەین. یارمەتیدان بۆ ڕێکخستنی جەماوەری ژنان لە گەڕەکەکان بەتایبەت لە گەڕەکەکانی پەراوێزی شارەکان بەشێکی دانەبڕاوە لە هەوڵ و تێکۆشان بۆ ڕێکخستن.

٣/هەنگاوێکی گرینگ بەرەو وەدیهێنانی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان، کۆمەک بە سازماندانی خەڵک لە دێهاتەکان و گەڕەکەکانی شارەکانە. تەنیا بە پێکهێنانی ناوەندە جەماوەرییەکانی شۆرا یان کۆمیتەکانی گەڕەکەکانە کە دەتوانین لەگەڵ دروست بوونی هەر بۆشاییەک لە دەسەڵاتی ئیداری و سیاسی لە شارێک یان تەنانەت لە گەڕەکێک، دەستبەجێ کۆنترۆڵ و مودیریەتی دۆخەکە بگرینە دەست. شکڵ گرتنی ئەم ناوەندە جەماوەرییانە، بابەتی کۆکردنەوەی بیساتی هێز و ناوەندەکانی حکومەتی ناوەندی لە کوردسان لە کاتی ڕاپەڕینی جەماوەری ئاسان دەکاتەوە. بەڵگەی "دەسەڵاتداریەتی شۆرایی و مەنشووری داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان" پەسندکراوی خەرمانانی ١٤٠٢، چوارچێوەی گەڵاڵە و سیاسەتی شۆرای هاوکاری دیاری کردووە.

٤/حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە کوردستان لەسەر بنەمای ستراتێژی و سیاسەتی شەریک بوون لە دەسەڵاتی سیاسی بە هەر قیمەتێک، بەردەوام لەگەڵ پرۆژەگەلی کۆنەپەرستانەی دەست بە دەست بوونی دەسەڵات لەسەرەوەی ئیرادەی جەماوەر، هاوئاراستەن و پشتیوانییان لێ دەکەن.

لە قۆناغی ئەم دواییە و لە جەریانی شەڕی کۆنەپەرستانەدا، چاوی هیوایان لە پشتیوانی فاشیستەکانی وەک ترامپ و درێژەی هێرشەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل بڕیبوو. دەبێ سرووشتی ڕاستەقینەی ئەم سیاسەتانە بۆ خەڵک ڕوون بکرێتەوە. ئێمە بەدژی پرۆژەکانی دەسەڵاتە جیهانییەکان و هاوپەیمانانی ناوچەییان بۆ داسەپاندنی بەدیلی ڕاست بەسەر ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکان لە ئێران و کوردستان دەوەستینەوە. هەر جۆرە پرۆژە و ئاڵترناتیڤێک لەسەرەوەی ئیرادەی جەماوەر ڕەت

دەکەینەوە و بەشێوەی جدی و لێبڕاوانە بۆ پەراوێزخستنی تێدەکۆشین.

٥/مەرجێکی پێشڕەوی خەباتی شۆڕشگێڕانە و وەدیهاتنی دەسەڵاتداریەتی خەڵکی کوردستان، جیایی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش لە ستراتیژی، ئاسۆ، ئارمان و سیاسەتەکانی ئەحزابی بورژوازی و ناسیۆنالیست لە کوردستانە. ڕێکاری ئەم حیزبانە هیچ کات ڕێکاری کارساز بۆ کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوایەتی و چارەسەرکردنی ڕاستەقینەی پرسی نەتەوەیی لە کوردستان نەبووە. گەڵاڵەی فیدرالیزمی دڵخوازی ئەوان، جێگیرکردنی هەڵاواردنی نەتەوەیی و پەرەپێدانی تەفرەقەی نەتەوەیی و بەربەستێکی جدییە لە بەرامبەر هاوچارەنووسی و هاوپشتی چینی کرێکار و بزووتنەوەی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی لە ئاستی سەرتاسەریدا. لەم ڕووەوە، هوشیارکردنەوەی بەردەوام و هەوڵدان بۆ پەراوێزخستنی ئاسۆ و سیاسەتی ڕەوتە ناسیۆنالیستەکان بەشێکی گرنگی سیاسەتی ئێمەیە.

٦/ستەمی نەتەوەیی وێڕای دڕندانەترین شێوەکانی سەرکوت لەلایەن ڕژیمە سەرکوتگەرەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی، نەهامەتیی فراوانی بەسەر خەڵکی کوردستاندا هێناوە. ئێمە خوازیاری نەمانی دەستبەجێی ستەمی نەتەوەیی و چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستانین. بۆ ئەم بابەتە گرنگە، ئاکامی بڕیاری ئازادانەی خەڵکی کوردستان تا ئاستی جیابوونەوە، بەڕەسمی دەناسین.

ئێمە هەرجۆرە کردەوەیەکی زۆرەملی و نیزامی بۆ ڕێگری لە بڕیاری خەڵکی کوردستان و یان بەڕەسمی ناسینی ئاکامەکەی لەژێرناوی "پاراستنی یەکپارچەیی خاک" و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ "جیایی خوازی" و یان هەر پاساوێکی تر بەتوندی مەحکووم دەکەین و ڕەتی دەکەینەوە. لە هەمان حاڵیشدا لەسەر هاوپشتی و هاوچارەنووسی خەباتی خەڵکی کوردستان لەگەڵ خەڵکی ئازادیخواز و ستەملێکراو لە سەرانسەری ئێران تەئکید دەکەین. (لە بەڵگەی "دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی و مەنشووری داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان"، پەسندکراوی خەرمانانی ١٤٠٢، چوارچێوەی گەڵاڵەی ئێمە بۆ نەهێشتنی ستەم و چارەسەرکردنی ستەمی نەتەوایەتی پەسندکراوە و بەردەوام لەسەری تەئکید دەکەین).

٧/ ئێمە لەوە ئاگادارین کە سەرکەوتنی نهایی ئاڵترناتیڤی چەپ و سۆسیالیستی لە گرەوی تێکشکاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناوەندی و پێشڕەویی چینی کرێکار و لە گرەوی بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و دامەزراندنی حکوومەتی کرێکاری لەسەر بنەمای نیزامی شۆرایی لە سەرتاسەری ئێراندایە. خەباتی سۆسیالیستی ئێمە لە کوردستان ئاوێتەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی سەرتاسەرییە. ئێمە تەئکید دەکەین کە ئاسانترین و کەم ژانەسەرترین ڕێگای پاراستنی دەستکەوتەکانی خەباتی خەڵک لە کوردستان پەیوەندی لەگەڵ شۆڕش و بزووتنەوەی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانە لەئاستی سەرتاسەریدایە.

٨/ لەگەڵ پەرەسەندن و پێشڕەویی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و نزیک بوونەوە لە قۆناغی ڕاپەڕینی سیاسی و شۆڕشگێڕانە، هەوڵی ڕەوت و گرووپە کۆنەپەرستەکان بۆ تەفرەقە نانەوەی میللی و مەزهەبی زیاتر دەبێت. دەبێ بە هوشیارییەوە ئەم دووبەرەکی و تەفرەقە نانەوەیە پووچەڵ بکرێتەوە.

٩/ پێویستە بۆ پەراوێزخستنی ڕەوتی سەلەفی گەری، سوننی گەری و بەگشتی ڕەوتی کۆنەپەرستی مەزهەبی، لێبڕاوانە هەوڵ بدەین.

١٠/ شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان بۆ پێکهێنانی پەیوەندی قایم لەگەڵ شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان لە ئاستی سەرتاسەریدا هەوڵ دەدات.

ئەم ڕێکخراوە بۆ ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان و وەدیهێنانی مافەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان خەبات دەکات. لەو پێناوەدا، کۆنفرانسی سێهەمی ئێمە داوا لە ئەحزاب، ڕێکخراو و ناوەندەکان و چالاکانی چەپ و کۆمۆنیست لە کوردستان دەکات کە بۆ هەوڵ و تێکۆشانی هاوبەش بە شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان پەیوەست بن.

**بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی!**

**بژی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان!**

**بژی سۆسیالیزم!**

***

## کۆماری ئیسلامی بەدستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە بۆ دانوستانە ئەتۆمییەکان

هەڕەشە و فشارەکانی سێ وڵاتی ئورووپایی باقیماو لە بەرجام بۆ دەستپێکردنەوەی خێرای دانوستانە ئەتۆمییەکان، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ناچار کردووە بەبێ مەرج بگەڕێتەوە سەر مێزی گفتوگۆ. ئەوە لە کاتێکدایە کە یەک هەفتە دوای کۆتایی شەڕی ١٢ ڕۆژەی ئیسرائیل و ئەمریکا دژی کۆماری ئیسلامی، کە تێیدا ناوەندە ئەتۆمییەکان هێرشیان کرایە سەر، ڕژیم هاوکاری خۆی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ڕاگرت و تیمی پشکێنەرانی ئاژانسی دەرکرد و چاوەدێری ئەم ئاژانسە بەسەر بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامیدا ڕاگیرا. جگە لەوەش خولی شەشەمی دانوستانەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا سەبارەت بە قەدەغەکردنی پیتاندنی یۆرانیۆمیش هەڵوەشایەوە. هەفتەی ڕابردوو ترامپ ڕایگەیاند: بە سەرنجدان بەوەی کە زۆربەی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران لە ئیسفەهان، نەتەنز و فۆردۆ لە بۆردومانەکەدا لەناوچوون، کۆماری ئیسلامی ناتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر درێژە بە چالاکییە ئەتۆمییەکانی خۆی بدات و هیچ پەلەیەکمان نییە لە گفتوگۆکردن لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا. بەڵام ڕژیم ناچار دەبێت دانوستان لەگەڵ ئێمە بکات". هەڵبەت لەم ماوەیەدا ئەمریکا سزای دیکەی بەسەر کۆمپانیا و بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیدا سەپاندووە.

لە لایەکی دیکەوە، دوای ڕاگیرانی هاوکارییەکانی ڕژیم لەگەڵ ئاژانس، کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەو دەسەڵاتە ئورووپاییانەی لە ڕێککەوتنی بەرجامدا ماونەتەوە، یەکجار کەوتووەتە ژێر فشارەوە. شۆرای حوکامی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بەپێی ڕاپۆرتی ڕافائێل گرۆسی بەڕێوەبەری گشتی ئاژانس، ٢١ی جۆزەردان بەر لە هێرشی ئەمریکا بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی کۆماری ئیسلامی، بڕیارنامەی سێ دەوڵەتی ئورووپایی ئەندامی بەرجام (فەڕانسە، ئاڵمان، بریتانیا)، لە مەحکووم کردنی بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی بە



زۆرینەی دەنگ پەسندکرد. شۆرای حوکام هەڕەشەی لە کۆماری ئیسلامی کرد کە مێکانیسمی ماشە چالاک دەکاتەوە و هەموو سزا هەڵگیراوەکان دەگەڕێنێتەوە. ڕێکەوتی ١٥ی جۆزەردان کۆماری ئیسلامی بە ناردنی یاداشتێک بۆ ئەندامانی شۆرای حۆکام ڕاپۆرتەکەی گرۆسی ڕەتکردەوە و بە تێپەڕاندنی دەسەڵاتی خۆی و لایەنگری کردن لە ئیسرائیل تۆمەتباری کرد.

لە درێژەی ئەو گوشارانەدا، ڕۆژی هەینی ٢٧ی مانگی جۆزەردان، سێ حکوومەتی ئورووپایی ئاماژەپێکراو لەگەڵ بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا، هۆشدارییەکی جددی و ئۆڵتیماتۆمیان بۆ کۆماری ئیسلامی دەرکرد و ڕایانگەیاند: ئەوان کاتێکی زۆریان نییە و کۆماری ئیسلامی دەبێ دەستبەجێ وتووێژە ئەتۆمییەکان دەست پێ بکاتەوە. ئەگەر تا کۆتایی مانگی ئاگۆست (٩ی خەرمانان) نەگەڕێتەوە سەر مێزی دانوستان و ڕێوشوێنی ڕوون و بەرچاو سەبارەت بە یۆرانیۆمی پیتێنراوی ٦٠٪ نەگرێتەبەر، میکانیزمی ماشە چالاک دەکەن".

هەر لەو پێوەندییەدا وەزیری دەرەوەی ئاڵمان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ عەباس عەراقچی بە لەحنێکی توند تەئکیدی کرد کە "ئورووپا سوورە لە دۆزینەوەی چارەسەری دیپلۆماتیک لەگەڵ ئێران، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر دانوستانەکان شکست بێنن، میکانیزمی ماشە چالاک دەکەین". بەپێی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شۆرای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە لە ساڵی ١٣٩٤دا پەسەندکرا، دوا وادەی چالاککردنی میکانیزمی ماشە ٢٦ی ڕەزبەر (١٨ی ئۆکتۆبەر) کۆتایی دێت. ئەگەر میکانیزمی ماشە چالاک بکرێت، هەموو گەمارۆ هەڵگیراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکیەتی ئورووپا دژی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێنرێنەوە بێ ئەوەی هیچ وڵاتێکی ئەندامی شۆرای ئەمنیەت حەقی ڤیتۆی لەسەر بەرجام هەبێت. کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوودا خۆی لە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی دزیوەتەوە

و هەوڵی داوە بە تێپەڕاندنی کات ئەم مۆڵەتە کۆتایی پێبێنێت و بەرنامە ئەتۆمییەکانی درێژە بدات.

دوای ئۆڵتیماتۆمەکەی دەوڵەتانی ئورووپایی، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لەوانە عەباس عەراقچی وەزیری دەرەوەی ڕژیم کە لەم ماوەیەدا بە گرتنەبەری هەڵوێستی ناتەبا شەرت و مەرجیان بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ ئەم دەوڵەتانە دیاری دەکرد، لەئێستا بەپەلە و بە بێ هیچ مەرجێک حازر بوون دانوستانەکان لەئاستی جێگری وەزیرانی دەرەوەدا لەگەڵ ئەم سێ دەوڵەتە و نوێنەرانی یەکیەتی ئورووپا درێژە بدەن. هەر لەو پێوەندییەدا ئاژانسی هەواڵی تەسنیمی سەر بە سپای پاسداران ڕایگەیاند کە بە شێوەیەکی مەبدەئی ڕێککەوتن کراوە بۆ



وتووێژەکان، بەڵام کات و شوێنی دانوستانەکان دیاری نەکراوە. بەڵام ئیسماعیل بەقایی وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕژیمی ئیسلامی ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی مانگی پووشپەڕ ڕایگەیاند کە وتووێژەکان ڕۆژی ٢٥ی جولای لە ئیستانبوڵ بەڕێوە دەچێت. ئەمە لە کاتێکدایە کە عەباس عەراقچی چەند ڕۆژ لەمەوبەر سەبارەت بە خولی نوێی دانوستانەکان ڕایگەیاندبوو: "میکانیزمی ماشە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و یاسایی نییە و چالاککردنیشی هاوتایە لەگەڵ هێرشی سەربازی بۆ سەر کۆماری ئیسلامی. بۆیە مەرجێکی پێشوەختە بۆ هەر خولێکی نوێی دانوستان ئەوەیە کە یەکیەتی ئورووپا دەستبەرداری سیاسەتی بەسەرچووی هەڕەشە و گوشار بێت، بۆ نموونە مێکانیسمی گەڕاندنەوەی ئۆتۆماتیکی گەمارۆکان".

بەدەر لە هەڵیت و پڵیتەکانی عەراقچی، لە وەها هەلومەرجێکدا کە کۆماری ئیسلامی لە پێگەیەکی زۆر لاواز و بەرگریکارانەدایە، بە پێچەوانەی لێدوانەکانی ئەم دواییەی عەلی خامنەیی، دەبێ بە دەستی بەتاڵ بگەڕێتەوە بۆ دانوستانەکانی بەرجام و ناچار بێت مەرجەکانی ئەم سێ حکوومەتە و یەکیەتی ئورووپا قبوڵ بکات. بۆ نموونە یەکێک لە مەرجەکان ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی شوێنی ٤٠٠ کیلۆگرەم یۆرانیۆمی پیتێنراوی لەسەدا ٦٠ ئاشکرا بکات و هاوکاری تەواو لەگەڵ پشکێنەرانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی بکات و هەنگاوی دیار و بەرچاو هەڵگرێت.

ئەم هۆشدارییەی حکوومەتە ئورووپییەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر دۆخی ئابووری ئێران داناوە و بەهای دراوی ئێرانی بەرامبەر بە دراوی بیانی زیاتر دابەزاندووە و نرخی پێداویستیەکانی خەڵکی بەرز کردووەتەوە. "صبح صادق" نەشریەی ناوخۆیی جێگری سیاسی سپای پاسداران، ڕۆژی یەکشەممە ٢٩ی مانگی پووشپەڕ لە بابەتێکدا باسی لە شەپۆلی قورسی هەڵاوسان لە دوای چالاک بوونی مێکانیسمی ماشە کرد و نووسی کە تەنانەت بەر لە چالاک کردنی، کەشێکی دەروونی توند بەسەر کۆمەڵگای ئابووریدا سەپاوە. دەبێ هەر لە ئێستاوە لە بەربەستەکانی موعامەلاتی دۆلاری و لە چوونەدەری سەرمایە لە وڵات ڕێگری بکرێت. ئەم نەشریە لە درێژەی بابەتەکەیدا بەشێوەیەکی بێوێنە نووسی کە پێویستە تۆنی سیاسەت داڕشتن لە "هیواسازی موتڵەق" (کە مەبەست وتەکانی خامنەییە) بۆ ئامادەکردنی دەروونی کۆمەڵگا بگۆڕێت. سەفەری لەناکاوی عەلی لاریجانی ڕاوێژکاری باڵای خامنەیی بۆ مۆسکۆ و دیدارەکەی ڕۆژی یەکشەممە ٢٩ی پووشپەڕ لەگەڵ پوتین، پەیوەندی بە نیگەرانییەکانی ڕژیم لەم بوارەدا بووە. هەرچەندە ناوەڕۆکی ئەم وتووێژانە ئاشکرا نەکراوە، بەڵام ئاژانسی هەواڵی فەڕانسە بڵاوی کردەوە کە بابەتی دیداری لاریجانی لەگەڵ پوتین باسێک سەبارەت بە بەرنامەی ئەتۆمی کۆماری ئیسلامی بووە.

چاودێرانی ئابووری لەو باوەڕەدان کە میکانیزمی ماشە یان (snapback) ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئابووری و ئاڵوگۆڕی دراوی بیانی، بازرگانی و مامەڵە داراییەکانی ئێران دەبێت و ئامانجی سەرەکیش گۆڕینی ڕەفتاری سیاسی و قبوڵکردنی مەرجی نوێ لەسەر مێزی دانوستان دەبێت و چارەنووسی سیاسەتی کۆماری ئیسلامی دیاری دەکات. بەڵام ئەگەر سەپاندنی گەمارۆی جنایەتکارانەی ڕۆژاوا و ئەمریکا ئاکامی سیاسەتی شەڕخوازی و زێدەخوازی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام دووکەڵەکەی ساڵەهای چووتە چاوی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی ئێرانەوە. لە کاتێکدا کە حەقی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە ئاستی ١٠ بۆ ١٥ ملیۆن تمەندایە، هەزینەی سەبەدی بژێو بۆ یەک بنەماڵە گەیشتووەتە سەرووی ٤٨ ملیۆن تمەن. هەڵبەت بۆ دەسەڵاتدارانی دز و گەندەڵی کۆماری ئیسلامی و سەرمایەداران، دانوستانە ئەتۆمییەکان ساڵەهایە بووەتە ئامرازێک بۆ کەڵەکە کردنی سەرمایە و درێژەدانی دەسەڵاتە نگریسەکەیان.

❊❊❊

## درێژەی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە لەژێر سێبەری پشتیوانی ئەمریکادا

لەماوەی چەند هەفتەی ڕابردوودا حکوومەتی تاوانکاری ئیسرائیل بەئامانجی دەرکردنی خەڵکی ستەملێکراوی غەززە لە وڵاتی خۆیان، بۆ جارێکی تر تاوانەکانی لەدژیان پەرەپێداوە. دەوڵەتی ئیسرائیل لە چەند حەفتەی ڕابردوودا وەحشیانەتر لە ڕابردوو هێرشی کردووەتە سەر ناوەندەکانی کۆبوونەوەی ئاوارەکان و ئاماری قوربانییانی خەڵکی بێدیفاع بەردەوام ڕۆ لە زیادبوونە. ئێستا نەک هەر دەوڵەتی ئیسرائیل بەڵکوو بەکرێگیراوانی چەکداری ئەمریکاش ڕۆژانە خەڵکی برسی



غەززە وەبەر گوللە دەدەن. دوای ئەوەیکە لە کۆتاییەکانی مانگی گوڵاندا پاش دوو مانگ و نیو گەمارۆدانی دوو ملیۆن کەس لە خەڵکی غەززە، مەترسی مردنی گشتی بەهۆی قاتی و برسیەتی چووە سەرێ، دەوڵەتەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ژێر فشاری نارەزایەتی و خۆپیشاندانە بەرینەکانی جەماوەری ئازادیخواز و مرۆڤدۆست لە زۆرێک لە وڵاتان، ناچار بە شکاندنی ئەم گەمارۆ دژەئینسانییە بەشێوەی سنووردار بوون و ئیسرائیل مەجبوور بوو ڕێگە بدات ڕۆژانە ژمارەیەک لە کامیۆنەکانی هەڵگری خۆراک بچنە ناو غەززەوە.

تا بەر لە گەمارۆدانی غەززە لەلایەن ئیسرائیلەوە، ڕۆژانە ٦٠٠ کامیۆن و بارهەڵگری خۆراک و پێداویستییەکانی ژیان لەژێر چاوەدێریی "ئانروا"، ئاژانسی فریاکەوتن و چالاکییەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆمەک بە ئاوارەکانی فەلەستین دەچوونە ناو غەززەوە و لەناو خەڵکدا پێداویستییەکانیان دابەش دەکرد. دەوڵەتی نەتانیاهۆی فاشیست ساڵی ڕابردوو بەئامانجی درێژەی جنایەت و نەسلکوژی لە غەززە، بە لێدانی تۆمەتی بێبنەمای هاوکاری ئەم ئاژانسە لەگەڵ حەماس، ژمارەیەک لە کارمەندانی "ئانروا"ی دەرکرد. بەدوای ئەوەدا زۆرێک لە دەوڵەتەکان لەسەر داوای ئەمریکا و ئیسرائیل یارمەتییە ئینسانی و ئابوورییەکانی خۆیان بۆ ئەم ناوەندە ڕاگرت. ئەوەش لە کاتێکدا بوو کە هەتا ئەو کات زیاتر لە ١٤٠ کەس لە فریاگوزارانی "ئانروا" لە بۆمبارانەکانی

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

دەوڵەتی ئیسرائیلدا گیانیان لەدەست دابوو.

بەدوای ڕاگیرانی چالاکی "ئانروا"، ئەمریکا لە کردەوەیەکی جنایەتکارانەدا دەستی دایە پێکهێنانی ناوەندێکی وابەستە بەخۆی لەژێرناوی "ناوەندی مرۆڤدۆستانەی غەززە" و بەشێوەیەکی ئازاردەر و سنووردار، کە ناوەندەکانی مافی مرۆڤ ناویان ناوە دڵۆپێک لە دەریایەک، دەستی کرد بە دابەشکردنی خۆراک لە ناو خەڵکی برسی و کارەساتلێدراوی غەززەدا. ئەمجارە ژمارەیەکی دیکە لە دەوڵەت و ناوەندە نێونەتەوەییەکان بەهۆی پێشێلکردنی بنەماکانی مافی مرۆڤ، لەلایەن دامەزراوەی ئەمریکایی " ناوەندی مرۆڤدۆستانەی غەززە "، لە کۆمەک و هاوکاریکردنی خۆیان بوارد و بە مەترسیدار و نامرۆڤانە و داوێک بۆ مەرگی خەڵکی غەززە وەسفیان کرد.



" ناوەندی مرۆڤدۆستانەی غەززە" لە ڕاستیدا پڕۆژەیەکە لەلایەن ئەمریکا و دەوڵەتی ئیسرائیل بۆ وەدیهێنانی ئامانجە سیاسی و نیزامییەکانی خۆیان و بۆ داگیرکردنی تەواوی غەززەیە. ئەم دامەزراوەیە بە برسی ڕاگرتنی خەڵکی ستەملێکراوی غەززە لەڕێگەی دابەشکردنی یەکجار کەمی خۆراک لەناویاندا، دەیهەوێ ئەوان لە بەرامبەر دوو بژاردەی قبووڵکردنی مەرگی بەشێنەیی یان چۆڵکردنی بەناچاری غەززە دابنێت. ئەمریکا بۆ بەڕێوەبردنی ئەم پڕۆژە نامرۆڤانەیە، دەستی کردووە بە بەستنی قەرارداد لەگەڵ پەیمانکارانی باندە چەکدارە نێونەتەوەییەکان بۆ کۆنتڕۆڵکردن و فشار خستنە سەر خەڵکی ستەملێکراوی فەلەستین لە کەرتی غەززە.

بەمجۆرە، جیا لە ئەرتەشی ئیسرائیل ئەوانیش ڕۆژانە بەرەو ئەو خەڵکەی بۆ وەرگرتنی خۆراک ناچارن سەردانی ناوەندەکانی دابەشکردنی خۆراک بکەن، تەقە دەکەن و دەیانکوژن. خەڵکی جیهان ڕۆژانە دیمەنی دڵتەزێنی کوژران و ئەشکەنجە و ئازاری منداڵان، ژنان و پیاوانی برسی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە تەلەڤیزیۆنەکاندا دەبینێ کە هەوڵ دەدەن بۆ وەرگرتنی تیکە نانێک خۆیان بگەیەننە ناوەندەکانی دابەش کردنی خۆراک. بەپێی ئاماری دەفتەری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ٤٤٪ی کوژراوەکانی غەززە ئەو منداڵانەن کە بۆ تێرکردنی خۆیان و بنەماڵەکەیان بەرەو ئەو ناوەندانە دەڕۆن.

ڕۆژی هەینی ٢٠ی مانگی پووشپەڕ دەفتەری مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ژنێڤ ڕایگەیاند کە: "لە ٦ی مانگی جۆزەردانی ئەمساڵەوە هەتا ئێستا ٧٩٨ کەس لە کەرتی غەززە لەکاتی هەودان بۆ وەرگرتنی خۆراک کوژراون کە ٦١٥ کەس لەم قوربانییانە لە نزیک شوێنەکانی دابەشکردنی خۆراک بە تەقەی گوللە گیانیان لەدەستداوە. بەشێک لە جنایەتی ئەمریکا و ئیسرائیل لە کەرتی غەززە لەلایەن ڕێکخراو و ناوەندە نێونەتەوەییەکان ئاشکرا کراوە و بەم هۆیەوە ڕۆژی چوارشەممە ١٨ی مانگی پووشپەڕ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاند کە ئەمریکا خانمی "فرانچسکا ئاڵبانز"، ڕاپۆرتدەری تایبەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کاروباری فەلەستین، بە تۆمەتی "پەرەپێدانی دژایەتی یەهوودی و پشتیوانی کردن لە تیرۆریزم" تەحریم دەکات. ئەم ئینسانە بەلێندارە، لە ڕەوتی ئەرکەکەیدا، ڕاپۆرتی ڕەخنەگرانەی توندی لە دژی کردەوەی کۆمپانیا ئەمریکایی و ئیسرائیلییەکان و بەرپرسانی ناوەندە دەستسازەکەی ئەمریکا نووسی. ناوبراو وێڕای تاوانبارکردنی حکوومەتی ئیسرائیل بە درێژەدان بە جینۆساید، داوای لە هەموو وڵاتانی ئەندامی ئەنجومەنی مافی مرۆڤ کرد، گەیاندنی چەک بۆ ئیسرائیل و پەیوەندییە دارایی و بازرگانییەکانیان لەگەڵ ئەم حکوومەتە ڕابگرن. هەڵبەت ئیدارەی ترامپ لەم دواییەدا، لە هەنگاوێکی هاوشێوەدا بۆ پشتیوانی لە حکوومەتی ئیسرائیل، چوار دادوەری دادگای تاوانە نێودەوڵەتییەکانی تەحریم کرد کە فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ نەتانیاهۆ دەرکردبوو.

ئەرتەشی تاوانکاری ئیسرائیل بە شانازییەوە ڕایگەیاند کە لە ماوەی ٤٨ کاتژمێری ڕابردوودا هێرشی کردووەتە سەر نزیکەی ٢٥٠ ئامانج لە غەززە. ڕۆژی پێنجشەممە ١٢ی مانگی پووشپەڕ، ٩٤ فەلەستینی لە هێرشی ئاسمانی و بۆمبارانی ئیسرائیلدا کوژران کە ٤٥ کەسیان لە کاتی هەوڵدان بۆ وەرگرتنی یارمەتی خۆراکی گیانیان لەدەستدا. دوابەدوای ئەوە ڕێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەیی لە ڕاپۆرتێکدا ڕایگەیاند کە ئیسرائیل و دامەزراوەی مرۆیی سەر بە ئەمریکا لە غەززە، دابەشکردنی یارمەتی مرۆڤدۆستانەیان نیزامی کردووە و وەک تاکتیک بۆ برسیکردن لە دژی خەڵکی فەلەستین و بۆ لەناوبردنیان وەک بەشێک لە جینۆساید بەکاری دەهێنن.

واقعییەت ئەوەیە کە ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی نەسلکوژ و دژی خەڵکی فەلەستین، بە هاوکاری ئەمریکا و هاوپەیمانانی خۆی دەست لە کوشتار و جنایەت هەڵناگرێت. جەماوەری ستەملێکراوی فەلەستین لە غەززە لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا لە گرووپی تیرۆریستی حەماسیش بێجگەلە هەژاری و نەهامەتی و سەرکوتی ئازادی و مافی سەرەتایی ئینسانی، شتێکی تریان نەدیوە. لە وەها بارودۆخێکدا ڕێگای ڕزگاری کرێکاران و خەڵکی ڕەنجدیتووی فەلەستین پێکهێنانی پەیوەند و هاوپشتی لەگەڵ هێز و مرۆڤە ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبەکان لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهانە. تەنیا درێژە و پەرەپێدان بە بزووتنەوەی جیهانی بۆ بەرگری لە ئازادی فەلەستین و بۆ مەحکووم کردنی نەسلکوژی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبەم میللەتە ستەمدیدەیە، دەتوانێ هاوسەنگی هێز بە قازانجی خەڵکی فەلەستین بگۆڕێت.

❊❊❊

# بڕووخێ ڕژیمی کۆماری ئیسلامی
# نا بۆ دەسەڵاتداریەتی ئەحزاب
# بژی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک
# لە کوردستان

کوردستانی ئێران لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا یەکێک لە ناوەندە پڕگڕوتینەکانی خەباتی شۆڕشگێڕانە لەدژی کۆماری ئیسلامی بووە. کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لە جەرگەی ئەم خەباتەدا، بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییان کردە مەیدانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ حکوومەتی ئیسلامی و لەسەر بەستێنی ئەم خەباتە سیاسەت و کردەوەی حیزبە سیاسییەکانی ئێستا لە کوردستانیان ئەزموون کرد. بەشێک لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ستەملێکراوی کوردستان لە جەریانی ئەزموونی خەباتی خۆیاندا و لە ئاکامی چالاکی هوشیاریدەرانەی کۆمەڵە و هەڵسووڕاوانی کۆمۆنیستی دیکە، لە نادروست بوونی زۆرێک لە سیاسەتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان ئاگادار بوونەتەوە. بەڵام ئەم حیزبانە هەروا لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا هەن و بۆ پێشخستنی ستراتێژی سیاسی خۆیان هەوڵ دەدەن. حیزبە ناسیۆنالیستەکان لە سەردەمی دیالۆکی تەمەدونەکانی خاتەمەییەوە بۆ ماوەی زیاتر لە بیست ساڵ خەڵکیان بەرەو هاوئاراستەیی لەگەڵ ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی هاندا و لە جەریانی شانۆکانی هەڵبژاردنی حکوومەتدا بە درۆی هەڵبژاردنی خراپ لە بەرامبەر خراپتردا پێشنیاریان پێ دەکردن کە دەنگ بە ڕێفۆرمخوازانی حکوومەتی بدەن. گەلێک جار دڵیان بە گفتوگۆ و دانوستان لەگەڵ ڕژیم خۆش کرد و خەڵکیان هان دا کە دەست لەسەر دەست دابنێن و چاوەڕوانی ئەنجامی ئەو دانوستانانە بن. خەڵکیان بە هاوپەیمانی لەگەڵ ڕەوتە کۆنەپەرستەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بورژوازی لە ئاستی سەرتاسەری، کە پێداگری لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران بەشێک لە پێناسەی ئەوان بوو، دڵخۆش دەکرد. لە جەریانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، هێندێکیان لەگەڵ سەڵتەنەتخوازەکان هاوپەیمانییان پێکهێنا و هەوڵیان دا دەستی خەڵکی کوردستان بخەنە ناو دەستی فاشیستەکانەوە. ئێستاش دڵیان بە فشاری زۆرینەی دەوڵەتی ترامپ خۆش کردووە و لە ئیدارەی ترامپ دەپاڕێنەوە بۆ ئەوەی پەیوەندییان لەگەڵ بگرێت. بەشێک لە کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی کوردستان لە ڕێگەی ئەزموونی خەباتی خۆیانەوە، لە نادروست بوونی ئەم سیاسەتانە گەیشتوون.

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان بە ئەزموونی خەباتی خۆیان بۆیان دەرکەوتووە کە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی دەبێ لەگەڵ بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی وەک بزووتنەوەی کرێکاری، بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری و بزووتنەوەی چەپ و سۆسیالیستی ئێران یەکبگرن. جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە ئاخێزی خەزەڵوەری ساڵی ٩٨ی هەتاویدا و بە پێشەنگایەتییان لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینادا، بە گیانفیدایییەکانیان لە بەرامبەر سەرکوتگەریی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و بە هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی سەرتاسەری نیشانیان دا

کە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و بۆ گەیشتن بە خواستەکانیان دەبێ ڕێگای یەکگرتوویی و هاوپشتی لەگەڵ بزووتنەوی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری ئێران بگرنە بەر. بەڵام سەرەڕای ئەم ئەزموون و هوشیارییەی کە کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵک بەگشتی بەدەستیان هێناوە، حیزبە سیاسییە چەپ و ڕاستەکان لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا حزووریان هەیە و حیزب و لایەنە ناسیۆنالیستەکان بۆ بەلاڕێدابردنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان هەوڵ دەدەن.

لەئێستادا هەوڵ گەلێک لە ئارادایە بۆ ئەوەی هەموو حیزب و ڕێکخراوە ناسیۆنالیستەکان لە ژێر چەترێکی هاوکاریدا کۆببنەوە. هەندێک لەو لایەنانە چاویان لە ئەوپەڕی فشاری ترامپ و نەتانیاهۆ بڕیوە بۆ ئەوەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامییان بۆ بڕووخێنێ و ئاشتی و ئازادی و سەقامگیرییان بۆ بەدیاری بێنێ. هەندێکی تر لە هەمان کاتدا کە گۆشە نیگایەکیان بەرەو ئەمریکایە، بەڵام هاوکات تەپڵی دیالۆگ و دانوستان لەگەڵ ڕژێمیش دەکوتن. هەندێکیان وەک لقی کوردستانی سازمانی موجاهدینی خەلق هەڵسووکەوت دەکەن و خەیاڵی کۆماری ئیسلامی دیموکراتیک بەپێی شەرعی ئیسلامیان لەسەردایە. هەندێکی دیکەش کە تووشی سەرلێشێواوی ستراتێژیک بوون، وەدوای ئەم قافڵەیە کەوتوون. ئەم حیزب و ڕێکخراوە ناسیۆنالیستییانە ئەگەر بەسەر دژایەتییەکانیاندا زاڵ بن و لەژێر هەر ناوێکدا ئەم چەتر یان بەرەیە پێکبهێنن، لە ڕاستیدا بەردی بناغەی دەسەڵاتداریەتی سیاسی حیزبەکانی کوردستانیان لە پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی داناوە. نەخشەڕێگای ئەم حیزبانە ئامادەکارییە بۆ حوکمڕانی حیزبی لە "دەورەی گوزار" یان "چرای زەرد"ی دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی.

سەرنج بدەنە وتەی هێندێک لە سەرکردەکانی ئەم حیزب و ڕێکخراوانە، بە ئاشکرا باس لە هێزی پێشمەرگەی یەکگرتوو، سوپای نیشتمانی و یان ئەرتەشی کوردستان دەکەن. لە ڕوانگەی سەرکردەی ئەم حیزبانەوە ئەم سوپا نیشتمانییە لە قۆناغی گوزار یان ئینتقالیدا دەبێ لەژێر فەرماندەیی حیزبەکاندا بێت و لەدوای کۆتایی دەورەی گوزار و پێکهاتنی پارلەمان بچێتە ژێر فەرمانی ناوەندی دەوڵەتەوە. ئەم هێزانە بە ئاشکرا باس لە پێویستی پێکهێنانی دەزگای میدیایی واحد و نوێنەرایەتی واحد دەکەن. واتە دەیانهەوێ پێشوەختە و لە سەرەوەی ئیرادەی خەڵکی کوردستان ناوەندە حکوومەتییەکان پێکبهێنن. سەرانی ئەم حیزبانە بەئاشکرا دەڵێن کە ئەم کارانە پێویستە. تا لە کاتی ڕاپەڕینی خەڵکدا بشێوی و هەرج و مەرج دروست نەبێت. سیلۆ و ئەنبارەکانی دانەوێڵە، کەلوپەلی نەخۆشخانەکان، خوێندگا و زانکۆکان تاڵان نەکرێن. لەڕاستیدا ئەم حیزبە ناسیۆنالیستانە لە کوردستان بە چاولێکەری لە ئەزموونی کوردستانی عێراق دەیانهەوێ هەر ئەم ئەزموونە لە کوردستانی ئێرانیش تاقی بکەنەوە. ئەوەش لە کاتێکدایە کە ئەزموونی دەسەڵاتداری حیزبەکان لە کوردستانی عێراق نەتەنیا نەیتوانیوە بەشداری جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە بەڕێوەبردن و دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا دەستەبەر بکات، بەڵکوو دەسەڵاتی حیزبەکان و حکوومەتە پارلەمانییەکەیان بووەتە ئامرازێک بۆ دوور ڕاگرتنی خەڵک لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان. لە بەرامبەر ئەم هەوڵ و پرۆژانەدایە کە کۆمەڵە، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری – حێکمەتیست و کۆمەڵێکی بەرچاو لە کەسایەتییە تێکۆشەرە چەپ و سۆسیالیستەکان لە شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستاندا کۆبوونەوە و ئەڵترناتیڤی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان گەڵاڵە دەکەین و لەپێناو وەدیهاتنیدا تێدەکۆشین.

ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین لە قۆناغێکدا کە پایەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و سەرتاسەری ئێران سست و لاواز بووەتەوە، لە قۆناغێکدا کە لە ڕاپەڕینی شار نزیک بووینەتەوە، لە قۆناغێکدا کە ئازادییە سیاسییەکان، بەشێوەی دیفاکتۆ و بەکردەوە بەسەر ڕژیمدا دەسەپێن، لە وەها قۆناغێکدا شۆراکانی خەڵک لە گەڕەکەکانی شار و شارۆچکە و گوندەکان بەخێرایی پێکدێن و لەگەڵ دروستبوونی هەرجۆرە بۆشاییەکی ئیداری و بەڕێوەبەری لە هەر بەشێک لە کۆمەڵگا، شۆراکان و ناوەندەکانی دەسەڵاتی جەماوەری دەتوانن ئەم بۆشاییانە پڕ بکەنەوە. لە کاتێکدا کە حیزبە ناسیۆنالیستەکان خەڵک لە بشێوی و تاڵانکرانی نەخۆشخانە و سیلۆکان لە قۆناغی ڕاپەڕین دەترسێنن، ئێمە خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە شۆرای پەرستاران و پزشکان و پێرسۆنێلی نەخۆشخانەکانی کوردستان دەتوانن بە باشترین شێوە ئیدارە و بەڕێوەبردنی نەخۆشخانەکان لە کوردستان وەئەستۆ بگرن. شۆرای کرێکاران لە سیلۆکان دەتوانن کۆنترۆڵ و ئەمنیەتی سیلۆکان بگرنە دەست. شۆراکان یان ئەنجومەنەکانی مامۆستایان کە هەر لەئێستاوە سەریان هەڵداوە و خەریکە گەشە دەکەن، دەتوانن بە باشترین شێوە بواری پەروەردە و فێرکردنی کوردستان بەڕێوەبەرن. ئێمە لەو باوەڕەداین کە ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لەڕێگەی هەر ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییانە کە هەموو لەگەڵیان ئاشنان، دەتوانن لە هەموو پرسێکی پەیوەندیدار بە بەڕێوەبردنی شاردا بەشداربن و لەم ڕێگەوە لە ئیدارە و بەڕێوەبەری کۆمەڵگا و لە داڕشتنی سیاسەتدا بەشداری بکەن.

شۆراکانی خەڵک لە کوردستان دەسەڵات و مەشرووعییەت و ڕەوابوونیان لە هیچ ناوەندێکی دەوڵەتی یان حیزبێکی سیاسی دیاریکراو وەرناگرن. بەڵکوو دەسەڵاتی خۆیان لە ئیرادەی ڕاستەوخۆی جەماوەر وەردەگرن. ڕەوابوون و مەشرووعییەتی خۆیان لە ئیرادەی ڕاستەخۆی ئەو جەماوەرە وەردەگرن کە بڕیاریان داوە بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن.

جەماوەری خەڵک کە بە داهێنانی خۆیان شۆراکانیان پێکهێناوە و ناوەندەکانی دەسەڵاتی خۆیان دامەزراندووە، دەتوانن لەجیاتی پۆلیس و ئەرتەش و سوپای نیشتمانی و ناوەند و دامەزراوەکانی دابڕاو لە خەڵک، دەست بدەنە چەکدارکردنی گشتی. خەڵک بە چەکداربوونیان لە ئاستی جەماوەریدا بەرگری لە دەستکەوتەکانی خۆیان دەکەن. لە پێکهاتەیەکی شۆراییدا بەرپرسان لە هەر ئاست و پلەیەکدا لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت و بە ئیرادە و بڕیاری خەڵک دەکرێ لە کارەکانیان دووربخرێنەوە. شۆراکانی خەڵک هەم یاسا دادەڕێژن و هەم یاسا بەڕێوەدەبەن. حکوومەتی شۆرایی لە هەمان کاتدا کە دەزگا و ناوەندەکانی دەسەڵاتی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تێکدەشکێنێت و ناوەندەکانی حکوومەتی شۆرایی دەخاتە جێگایان، وەدیهاتنی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە بواری دابینکردنی ئازادیی سیاسی، دادگایی کردن و سزادانی دەست و پەیوەندەکانی ڕژیم کە لە سەرکوتی خەڵکدا دەستیان بووە، کۆتایی هێنان بە ستەمی نەتەوەیی، بەرابەریی ژن و پیاو، جیایی دین لە دەوڵەت و پەروەردە، دابینکردنی مافی تاکەکەسی و داواکاری خۆشبژێوی، هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام و هیتر دەخاتە دەستووری کاری خۆیەوە.

لەژێر دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان، مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان بە باشترین و دیموکراتترین شێوە دیتە دی. مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان تەنیا ئەوە نییە کە خەڵکی کوردستان لە ڕۆژێکی دیاریکراودا و لە ڕێفراندۆمێکدا لەسەر جیابوونەوە لە ئێران و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ و یان مانەوە لە چوارچێوەی ئێران وێڕای زەمانەتکردنی مافی یەکسان لە هەموو بوارەکاندا بڕیار بدەن، بەڵکوو بە مانای ئەوەیەکە لە هەر حاڵەتێکدا کرێکارن و زەحمەتکێشان و هەموو خەڵکی کوردستان لە سیستەمێکی شۆراییدا بەسەر چارەنووسی خۆیاندا زاڵ بن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا، بەڕێوەبردنی ئابووری و سیاسەت لە دەستی خۆیاندا بێت.

بەو پێیەی پرسی پەیوەندیدار بە چارەنووسی دەسەڵاتی سیاسی لە داهاتووی کوردستان یەکێک لە گرینگترین پرسەکانە لە ئاڵوگۆڕەکانی داهاتوودا، ئەمانە دەبێ هەر لەئێستاوە بە خەڵکی کوردستان بڵێین. خەڵک دەبێ وێنەیەکی ڕوونیان لە شێوازی بەشداری ڕاستەوخۆ لە دیاریکردنی چارەنووسی کۆمەڵگا، لە مانای دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لەبەرچاو بێت تا بۆ دامەزراندنی خەبات بکەن. کرێکاران و زەحمەتکێشان و ژنانی ئازادە و خەڵکی ستەمدیدەی کوردستان، دەبێ لە بەرامبەر پڕۆژەی دەسەڵاتداریەتی حیزبەکاندا، پڕۆژەی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی دابنێن.

کۆمەڵە لە هەمان کاتدا واقعییەتی بوونی حیزبە سیاسییەکان لە کۆمەڵگای کوردستان بەڕەسمی دەناسێت. کۆمەڵە دەزانێ کە حیزبە سیاسییەکان لە گۆڕەپانی سیاسی کۆمەڵگادا حزووریان هەیە. کۆمەڵە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە حیزبە سیاسییەکان بە ئاراستەی سیاسی جیاوازیشەوە دەتوانن لەڕێگەی مێکانیسمی هەڵبژاردنی شۆراکانەوە لە ئیدارە و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا بەشدار بن. واتە حیزبە سیاسییەکان نەک بەپێی ئیعتباری مێژوویی و چالاکییەکانی ڕابردوویان، بەڵکوو لە جەریانی ئینتخاباتی شۆراکاندا دەبێ بخرێنە بەر قەزاوەتی خەڵکەوە و مەشرووعییەتی خۆیان لە دەنگی خەڵک وەرگرن و لە ڕێگەی میکانیزمی هەڵبژاردنی ئازادی شۆراکانەوە لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگا و لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەشداری بکەن و ڕۆڵی خۆیان بگێڕن. واتە هەم لە ڕێگەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان، وە هەڵبژێردران لە شۆراکانی گەڕەکەکان، شارەکان و ناوچەکان لە دەسەڵاتی سیاسی و ئیدارەی کۆمەڵگادا دەورونەخشیان بێت و هەم لەڕێگەی چالاکی سیاسی ئازادانەوە، کۆمەڵگا و حکوومەتی شۆراکان بخەنە ژێر کاریگەریی سیاسەت و ڕێکارەکانیان.

کۆمەڵە هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی کرێکاران و زەحمەتکێشان، ژنان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان لە پێکهاتەیەکی شۆراییدا بە دەسەڵات بگەن. ئێمە دەمانهەوێ ئەم ئومێد و ئیمکانە بەهێز بکەین و داواش لە هەموو هەڵسووڕاوانی کۆمەڵە و چەپ و سۆسیالیستەکانی کوردستان دەکەین کە ماندوویی نەناسانە لەم پێناوەدا تێبکۆشن.

❊❊❊

# پێویستە سیاسەتی نامرۆڤانەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە پەنابەرانی ئەفغانستانی بە خەباتی یەکگرتووانە پاشەکشە پێبکەین

لە چەند مانگی ڕابردوودا و بە تایبەت دوای شکستی زەلیلانەی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر هێرشەکانی ئەرتەشی ئیسرائیل، شەپۆلێکی نوێ لە دەرکردنی پەنابەرانی ئەفغانستانی لە ئێران دەستی پێکردووە. ئەم کردەوەیە، هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی قەیرانە ناوخۆیی و ناوچەییەکان، بۆ جارێکی تر مەسەلەی دەرکردنی پەنابەرانی خستووەتە ناوەندی سەرەنجی چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و بیروڕای گشتییەوە. بەیاننامەی ئەم دواییەی ڕێکخراو و دامەزراوە سەربەخۆ کرێکارییەکان و خانەنشینی، بە دروستی ئەم سیاسەتەی مەحکووم کردووە و بە بەشێک لە پرۆژەی چڕکردنەوەی سەرکوت و بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە قەیرانە پێکهاتەییەکانی کۆماری ئیسلامی ناو بردووە.

بە پێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، ژمارەی دانیشتوانی پەنابەرانی



ئەفغانستانی لە ئێران پێش شەپۆلی نوێی دەرکردنەکان، بە نزیکەی ٤ بۆ ٥ میلیۆن کەس مەزندە کرابوو. لەم ژمارەیە، تەنها نزیکەی یەک ملیۆن کەس بەڵگەنامەی فەرمی نیشتەجێبوونیان هەبووە و ئەوانی دیکە کە مافی نیشتەجێبوونیان نەبووە، بەردەوام لە ژێر فشاری دادگاییکردن و دەستبەسەرکردن و دیپۆرتکردنەوە و زەوتکردنی سەرەتاییترین مافە ئینسانییەکاندا بوون. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٥ەوە، لەگەڵ چڕبوونەوەی فشارە سیاسی و ئەمنییەکان، پرۆسەی دەرکردنی کۆچبەران خێراتر بووەتەوە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سەر بە حکومەت باسیان لە دەرکردنی لانیکەم ٥٠٠ هەزار کەس لە ماوەیەکی کورتدا کردووە. ئەم ئامارە تەنها بەشێکە لە ڕاستییەکان، بەو پێیەی زۆرێک لە دەرکردنەکان بەبێ ئەوەی لە ئامارە فەرمییەکاندا تۆمار بکرێن ئەنجام دەدرێن.

دیاردەی کۆچبەری و هەڵسووکەوتی نەشیاو و دەرکردنی کۆچبەران لە بارودۆخێکدا کە دەوڵەتەکان لەگەڵ قەیران بەرەوڕوو دەبنەوە ڕیشەی لە قەیرانە پێکهاتەییەکانی نیزامی سەرمایەداری جیهانیدایە. ئەفغانستان لەژێر فشاری دەستێوەردان و هەڵمەتە سەربازییەکانی زلهێزە سەرمایەدارییە جیهانییەکان و شەڕ و ململانێ، بۆ ماوەی چەند دەیەیە بووەتە یەکێک لە گەورەترین هەناردەکارانی هێزی کاری هەرزان و بێدیفاع. زۆربەی پەنابەرانی ئەفغانستانی لە ئێران، خەڵکێکی کرێکار و زەحمەتکێشن کە لە سەختترین و نامرۆڤانەترین

بارودۆخدا بە حەقدەستی یەکجار کەم و چەند قات ژێر هێڵی هەژاری، بە بێ بەهرەمەندبوون لە مافە سەرەتاییەکانیان کار دەکەن. ئەم هێزە کارە هەرزانە، قازانجێکی زۆری بۆ سەرمایەداران و خاوەنکارانی ئێران لێکەوتووەتەوە و لە بەردەوامبوونی موناسباتی چەوسێنەرانەدا یارمەتیدەر بووە.

بەم حاڵەوە، لە بارودۆخی پەرەسەندنی قەیرانی ئابووری و بێکاری و گرانی و ناڕەزایەتی کۆمەڵایەتیدا، حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی و سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان، سیاسەتی دژەپەنابەری توندتر کردووەتەوە.

سەپاندنی تۆمەتی وەک "سیخوڕی" بەسەر پەنابەران، هەوڵێکە بۆ داپۆشینی شکستی ئەمنیەتی و نیزامی، گەندەڵی و ناکارامەیی حکوومەتی ئیسلامی. لە کەس شاراوە نییە کە ڕەگەزپەرستی و سیاسەتی دەرکردنی کۆچبەران، بەشێک لە پرۆژەیەکی گەورەترە بۆ سەرکوت و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا.

کۆماری ئیسلامی بە کەڵک وەرگرتن لە وتاری ڕەگەزپەرستانە و میللیگەرایی، هەوڵ دەدات کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئێرانی بخاتە بەرامبەر کۆچبەرانەوە و کەلێن و بۆشایی چینایەتی بە پەرەپێدانی دەمارگرژی قەومی و نەتەوەیی داپۆشێت. ئەم سیاسەتە، نەتەنیا سەرەتاییترین مافی ئینسانی و کەرامەتی پەنابەران پێشێل دەکات، بەڵکوو دەبێتە هۆی لاوازبوونی هاوپشتی چینایەتی و نێونەتەوەیی لە نێوان کرێکارانی ئێران و ئەفغانستاندا. هەروەک بەیاننامەکەی ڕێکخراوە سەربەخۆکانیش تەئکیدی لەسەر دەکات "کۆچبەرانی زەحمەتکێشی ئەفغانستانی هەم لە شین و هەم لە شاییدا سەردەبردرێن". ئەوان قوربانییانی نیزامێکن کە پێناس و ژیانی ئەوان بە تاوانی "ئەفغانی" بوون ئینکار و سەرکوت دەکات.

لەم بارودۆخەدا ئەرکی چالاکانی ڕادیکاڵ و سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و باقی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە نامرۆڤانە و کۆنەپەرستانەیەدا، دیفاعی لێبڕاو لە مافی کۆچبەران و بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ سیاسەتی فریوکارانە و سەرکوتگەرانەی حکوومەتی ئیسلامییە. تەنیا بە پەرەپێدانی هاوپشتی چینایەتی و نێونەتەوەیی کرێکارانی ئێران و ئەفغانستان و بە یەکگرتوویی و پشتیوانی هەموو بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان دەتوانین لە بەرامبەر پرۆژەی جۆراوجۆری تەفرەقەنانەوە و ڕەگەزپەرستانەدا ڕاوەستین و ڕێگا بۆ خەباتی هاوبەش لە دژی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکان هەموار بکەین. شەپۆلی نوێی دەرکردنی کۆچبەران و پەنابەرانی ئەفغانستانی، نە ڕێگاچارەیە بۆ قەیرانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران و نە ئەمنیەتی پیشە و سەقامگیری بۆ کرێکاران و خەڵکی ئێران بەدوای خۆیدا دێنێت. ئەم سیاسەتە، تەنیا دەبێتە هۆی قووڵتربوونەوەی ستەم و هەژاری و ناسەقامگیری. پێویستە بە خەبات و خۆڕاگری یەکگرتووانەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش و ئینسانە ئازادیخواز و بەرابەری تەڵەبەکانی سەربە هەر میللیەت و نەتەوەیەک، ئەم سیاسەتە پاشەکشەی پێبکرێت.

***

# کەمپەینی سێشەممەکانی "نا بۆ ئێعدام" لە ٤٧ زینداندا درێژەی هەیە پێویستە پشتیوانی لەم کەمپەینە پەرەپێبدەین

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە دوای ئەو شکستە زەلیلانەیەی لە شەڕ لەگەڵ ئیسرائیلدا تووشی بوو، ڕووی کردووەتە پەرەپێدانی سەرکوت، گرتن، دەرکردنی یەک لە دوای یەکی حوکمی ئێعدام و شەپۆلی ئێعدام کردن. ئەزموون نیشانی داوە کە هەرکات سەرانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی خۆیان لە مەترسی ئاخێزی جەماوەریدا بینیوە ڕوویان کردووەتە سەرکوتی بەرنامە بۆداڕێژکراو. قەتڵوعامی بەندکراوانی سیاسی لە مانگەکانی کۆتایی هاوینی ساڵی شەست و حەوت، قەتڵە زنجیرەییەکان لە پاییزی ساڵی حەفتا و حەوت، وەبەرگوللەدانی کرێکارانی خاتوون ئاباد، کوشتنی کۆڵبەران لە کوردستان و سووختبەران لە بەلووچستان، سەرکوتی خوێناوی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ٨٨، کوشتنی دەیان کەس لە جەریانی ئاخێزی بەفرانباری ٩٦، کوشتاری زیاتر لە هەزار و پێنجسەد کەس لە مانگی خەزەڵوەری ٩٨، کوشتنی زیاتر لە ٦٠٠ کەس لە ناڕازییان لە گەرمەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا و شەپۆلە یەک لە دوای یەکەکانی ئێعدام لەماوەی یەک ساڵی ڕابردوو، تەنیا چەند نموونەن لە سیاسەتی جەنایەتکارانەی ئەم ڕژیمە لەماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا.

هەموو جەنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی نیشانەی ئەو واقعییەتەیە کە ڕژیم بۆ ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی هیچ ڕێگایەکی بێجگەلە سەرکوت، ئێعدام و ئەشکەنجە نییە. ئەم دەسەڵاتە ڕەمزی مانەوەی خۆی لە پشت بەستن بە ستراتێژی سەرکوتدا دەبینێت. تەنانەت کاتێک تاوانبارانی ئاساییش ئێعدام دەکات، ئامانجی چاوترسێن کردنی کۆمەڵگە و ترساندنی نەیارانی نیزام و بەتایبەت ئەوانەیە کە سوورن لەسەر ئەوەیکە بەشێوەی شۆڕشگێڕانە ڕژیم بڕووخێنن. بەڵام سەرەڕای هەموو بێبەزەیەتی و وەحشیگەرییەک کە ڕژیم دەینوێنێت، شەپۆلی ئێعدام و سەرکوت، کۆمەڵگەی چاوترسێن نەکردووە و خەبات لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی زیندانییانی سیاسی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر گەشە دەکات.

کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" ڕۆژی سێشەممە ١٧ی مانگی پووشپەڕی ١٤٠٤، لە حەفتەی حەفتا و شەشەمدا، لە کاتێکدا کە لە ٤٧ زیندان لە حاڵی مانگرتندا بوون بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و بانگەوازیان کرد کە "با نەترسێین و لە مافی ژیانی هاوولاتییانمان دیفاع بکەین". لەم بەیاننامەیەدا هاتووە:

"ئەندامانی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام نیگەرانی قووڵی خۆیان لە ئاستی شەپۆلی نوێی ئێعدام و پەرەسەندنی سەرکوتی ئەمنیەتی لە سەرتاسەری وڵات ڕادەگەیەنن. لە سەرەتای مانگی پووشپەڕەوە هەتا ئێستا، لانیکەم ٢٤ کەس لە ئێران ئێعدام کراون و ئاماری ئێعدامەکان لە سەرەتای ساڵی ١٤٠٤ەوە هەتا ئێستا گەیشتووەتە ٤٢٨ کەس. ئەم ئامارە خۆفناکە تەنیا دەرخەری بەشێکە لە پێشێلکاری لەڕادەبەدەر

و سیستماتیکی مافی مرۆڤ لە ئێران. "

"جیا لە شەپۆلی ئێعدامەکان، لەم حەفتەیەدا شایەدی حاڵەتی زۆرتری سەرکوت و توندوتیژی مەرگبار لەدژی خەڵک بووین. بۆ نموونە کوشتنی دوو لاو لە هەمەدان لەلایەن سەرکوتگەرانی حکوومەت و هێرشی چەکداری بۆسەر ژنان لە گوندی گونیچی سەربە شاری خاش، کە بەهۆیەوە دوو ژن گیانیان بەختکرد. ئەمە نموونەیەکی ڕوون و بەرچاو لە سرووشتی دژەژنی ئەم دەسەڵاتەیە و نیشانەی ترسیەتی لە نارەزایەتی خەڵک و هەوڵێکە بۆ چاوترسێن کردنی کۆمەڵگا."

"ئەندامانی کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام، هەروەها دەرکردنی حوکمی ئێعدام بۆ ٥ بەندکراوی سیاسی کورد، ڕزگار بەیگزادە بابامیری، پژمان سوڵتانی، سۆران قاسمی، کاوە ساڵحی و تەیفوور سەلیمی بابامیری، کە لە ئاخێزی ١٤٠١دا دەستبەسەرکراون، بەتوندی مەحکووم دەکات. ئەم ئەحکامە دژەئینسانی و بەدوور لە دادگایی کردنێکی دادپەروەرانەن و ئەم پێنج کەسە سەرجەم بە ١٢ جار ئێعدام مەحکووم کراون!"

"ئەم کەمپەینە، داوا لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، ناوەندەکانی مافی مرۆڤ و خەڵکی هوشیار و ئازادیخواز دەکات کە لەئاست چارەنووسی بەندکراوانی دوو نەتەوەیی، لەوانە ئەحمەد ڕەزا جەلالی کە لە شەوی بۆمبارانی زیندانی ئێڤین بەشێوەیەکی نامرۆڤانە لەلایەن ناوەندە سەرکوتگەرە ئەمنیەتییەکانەوە ڕفێندراوە و دوای ساڵەها ڕەنجی زیندان، ئێستا لەژێر مەترسی جێبەجێ کردنی حوکمی کۆنەپەرستانەی ئێعدام دایە، کەمتەرخەم نەبن و پرۆژەی تۆقاندنی ڕژیم کاریگەریان لەسەر دانەنێت و بە تەواو مانا لە "مافی ژیان"ی هاووڵاتییان و بەندکراوانی مەحکووم بە ئێعدام بەرگری بکەن."

هەروەک کەمپەینی سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام ڕایگەیاندووە، تەنیا بە خۆڕاگری و خەبات بەرامبەر بەم شەپۆلەی پەرەپێدانی سەرکوت و ئێعدام دەتوانین پاشەکشە بە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بکەین. لە بارودۆخی ئێستادا تەنیا بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی لە بەرامبەر زیندانەکان لە سەرتاسەری ئێران و بەتەنیا نەهێشتنەوەی بنەماڵەی بەندکراوانی مەحکووم بە ئێعدام لەم کەمپەینە، بە بەرزکردنەوەی ئاڵای خەبات لەدژی سزای ئێعدام و خواستی ئازادی بەندکراوانی سیاسی لە نارەزایەتییەکانی کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشنان و خوێندکاران و بە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی لە دەرەوەی وڵات، لەدژی سزای ئێعدام و بۆ ئازادی بەندکراوانی سیاسی، دەتوانین ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە درێژەی شەپۆلی ئێعدامەکان و لە زیندانی کردنی تێکۆشەرانی سیاسی و چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ناچار بە پاشەکشە بکەین. هاودەنگ لەگەڵ بەندکراوانی سیاسی و کەمپەینی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" لەدژی ئەم تاوانە ڕێکخراوە دەوڵەتییە و لەدژی ئەم کردەوە نامرۆڤانەیە ڕاپەڕین.

❊❊❊




# پەیامی کۆنفرانسی سێهەمی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان بۆ زیندانیانی سیاسی

لە ماوەی شەڕی ئێران و ئیسرائیل و لە ڕۆژانی ڕابردوودا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی توندترین گوشار و سەرکوتی لە دژی خەڵکی نارازی بە تایبەت زیندانیانی سیاسی بەکارهێناوە. تەنیا لە مانگی جۆزەرداندا زیاتر لە ١٤٠ کەس لە بەندکراوان ئێعدام کراون و بەپێی ئامارەکان ٩٠٠ کەس لە خەڵکی نارازی بە تۆمەتی جاسووسی بۆ ئیسرائیل و تۆمەتە بێ بنەماکانی تر دەستبەسەرکراون. دوای هێرشی مووشەکی ئیسرائیل بۆسەر زیندانی ئێڤین کە بووە هۆی کوژرانی لانیکەم ٧٩ کەس، مەئموورانی ڕژیم سەدان ژن و پیاوی زیندانییان لە بارودۆخێکی نامرۆڤانەدا ڕەوانەی زیندانەکانی وەک قەرچەکی وەرامین کردووە.

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی کە لە شەڕ لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیلدا تووشی شکستی قورس بووە و هێزە نیابەتییەکانی لە گشت ناوچەکە یەکجار لاواز بووە، بۆ جارێکی تر هەروەک ٦٧ ساڵی ڕابردوو زەبروزەنگ و سەرکوتی پەرەپێداوە و هەروەک هەمیشە، زیندان و ئەشکەنجە و ئێعدامی کردووەتە ئامرازی سەرەکی پاراستنی دەسەڵاتە دیکتاتۆر و نگریسەکەی. خامنەیی و سەرانی ڕژیم گەلێک جار نیشانیان داوە کە خەڵکی نارازی بە دوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانن و مەترسی سەرەکی بۆ ڕووخاندنی نیزامەکەیان لە ناوخۆی ئێراندا دەبینن.

ڕژیمی سەرکوتگەری ئیسلامی وەک یەکێک لە جنایەتکارترین ڕژیمە ئینسانکوژەکانی مێژوو، زۆر جار لە ئێعدام کردندا ڕێکۆردی جیهانیی لێداوە. ئەم ڕژیمە خوێنڕێژە، قەتڵوعامی دەیەی شەست و قۆناغی شەڕی ئێران و عێراقی لە دۆسیەی جینۆساید و جنایەتەکانیدا هەیە و ئێستاش لەم کەشوهەوایەی شەڕدا بەگوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە هەر شەش سەعاتدا بەندکراوێک ئێعدام دەکات.

کۆماری ئیسلامی وەک حکوومەتێک کە لەگەڵ قەیرانی قووڵی سیاسی و ئابووری بەرەوڕووە و تەنانەت لە دابین کردنی نان و بەرق و ئاوی ڕۆژانەی خەڵک داماو و بێتوانایە، وەک ڕژیمێک کە دۆڕاوی شەڕ لەگەڵ ئیسرائیل و ئەمریکایە، ترسی ڕووخان سەرتاپێی وجوودی داگرتووە و بۆ پاراستنی نیزامە گەندەڵ و سەرکوتگەرەکەی، پەنای بردووە بۆ تۆمەتبارکردنی زیندانیان بە جاسووسی بۆ ئیسرائیل، بۆ دادگایی کردنی فەرمایشی، ئێعدام، ئەشکەنجە و بۆ هەڵسووکەوتی ئەوپەڕی نامرۆڤانە لەگەڵ بەندکراوانی سیاسی و بۆ دوورخستنەوەیان بۆ زیندانە دژوار و تاقەت پڕووکێنەکان.

زیندانیانی سیاسی خۆڕاگر و تێکۆشەر، بنەماڵە دادخوازەکان!

کۆنفرانسی سێهەمی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان سڵاو و درووود دەنێرێ بۆ خەبات و خۆڕاگریتان. ئێوە سیاچاڵەکانی ڕژیم و ژوورەکانی زیندانتان کردووەتە گۆڕەپانی خۆڕاگری و خەبات. دەنگی خەباتی بەتەوژم و زەربەی بەهێزتان لە دیواری زەبروزەنگی زیندان، هەموو خەڵکی ئێران و جیهان بیستوویانە. هەر دەنگێکی نارەزایەتی و هەر هاوارێک کە لە پشت میلەکانی زیندانەوە دەبیسترێ، زەربەیەکە لە نیزامی دیکتاتۆر و ئیستبدادی سیاسی. هەڵمەتی "سێشەممەکانی نا بۆ ئێعدام" کە حەفتا و چەند حەفتەیە و ئێستا لە ٤٧ زیندان درێژەی هەیە، نیشانەی خۆڕاگری و پایداری ئێوەیە و بەشێک لە خەباتی جەماوەری نارازییە کە زیندانیان کردووەتە مەیدانی ڕەزم.

زیندانیانی تێکۆشەر! لەم ڕەزمە بێ ئەمانەدا خۆتان بەتەنیا مەبینن. کرێکاران، خانەنشینان، موعەلیمان و هەموو هێزی نارازی جەماوەر لەگەڵ ئێوەن و بەرگریکاری ماف و ئازادی بێ شەرت و مەرجی ئێوەن. خەبات بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی، بەشێکی دانەبڕاوە لە نەبەرد و خەباتی مەزنی کرێکاران و خەڵکی نارازی ئێران بۆ ڕزگاری لە دیکتاتۆری و زەبروزەنگ و بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازاد و بەرابەر. کۆمەڵگایەک کە تێیدا ئازادی بێ شەرت و مەرجی ڕادەربڕین، نارەزایەتی، خۆڕێکستن و پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسی، لە مافە ڕەوا و سەرەتاییەکانی خەڵک دەبێت.

ئاڵای خەبات لەدژی سزای ئێعدام و خواستی ئازادی بەندکراوانی سیاسی پێویستە لە نارەزایەتییەکانی کرێکاران، موعەلیمان، خانەنشینان و خوێندکاراندا، وە هەروەها بە بەڕێوەبردنی هەڵمەتی سیاسی و تەبلیغی لە دەرەوەی وڵات بەرز بکرێتەوە. تەنیا بە خەباتی یەکگرتووانە و ڕێکخراو دەتوانین ماشێنی سەرکوت و زەبروزەنگی ڕژیم ئیفلیج و زەمینگیر بکەین و ڕێگای ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی و ئازادی هەموو زیندانیانی سیاسی هەموار بکەین.

**زیندانيی سیاسی، کرێکاری زیندانی دەبێ ئازاد بکرێت!**

**بڕووخێ ڕژیمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی**

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

٥ی جولای ٢٠٢٥ی زایینی

١٤ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی

❊❊❊

## پەیامی کۆنفرانسی سێهەمی
## شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان
## سەبارەت بە درێژەی جینۆسایدی دەوڵەتی ئیسرائیل لە فەلەستین

لە سەرەتای ژوئەنی ٢٠٢٥ەوە، ئامارەکان قووڵایی کارەساتی بێوێنەی غەززەیان ئاشکرا کردووە. لە ئۆکتۆبری ساڵی ٢٠٢٣ەوە هەتا ژانویەی ٢٠٢٥ زیاتر لە ٤٨ هەزار کەس گیانیان لەدەستداوە. ئەمەش ئامارێکە لەسەر بنەمای یەکەم هەڵسەنگاندنی سەربەخۆی گیانلەدەستدان لە ناوچەکەدا. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، زیاتر لە نیوەی قوربانییان ژن و منداڵ و بەساڵاچووان. هەروەها وەزارەتی تەندروستی غەززە تا ناوەڕاستی مانگی ژوئەنی ٢٠٢٥، پەنجا و پێنج هەزار و ١٠٤ حاڵەتی گیانلەدەستدان و ١٢٧ هەزار و ٣٩٤ برینداری تۆمارکردووە و جەختیشی لەوە کردووەتەوە کە هێشتا هەزاران تەرم لە ژێر داروپەردوودا ماونەتەوە یان لەو ناوچانەدان کە دەست پێیان ڕاناگات. ئەم ژمارانە نەتەنیا لەگەڵ



هەڵسەنگاندنە سەربەخۆکان یەکدەگرێتەوە، بەڵکوو قووڵایی ئەو کارەساتە مرۆییە و ئەو وێرانکارییە بەرینە ئاشکرا دەکات کە لەم ناوچە بچووک و پڕ لە دانیشتووەدا لەئارادایە.

لە سێ مانگی ڕابردوودا زیاتر لە ٦٨٤ هەزار فەلەستینی بە زۆرەملێ لە ماڵ و شوێنی ژیانیان هەڵکەندراون و زیاتر لە سەدا ٨٢ی غەززە کراوەتە ناوچەی نیزامی یان چۆڵکراوە. سیاسەتی نیزامی دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر بنەمای وێرانکردنی ماڵ و مەزرا و ژێرخانەکان، پێکهێنانی "ناوچەی ئیستریل" و بێبەش کردنی دانیشتووانی فەلەستینە لە سەرەتاییترین بارودۆخ بۆ ژیان.

هاوکات هێرشی بەردەوام بۆ سەر کەمپەکانی پەنابەران و خێمەکانی فریاگوزاری – تەنانەت لە ناوچە بەناو ”ئەمنەکان“ – بووەتە هۆی کوژرانی بەردەوامی خەڵکی مەدەنی. گەمارۆی تەواو، بڕینی یارمەتییە مرۆییەکان، بەکارهێنانی برسێتی وەک چەکی شەڕ و ئاوارەکردنی زۆرەملی دانیشتووان، هەموویان نموونەی ڕوونی تاوانەکانی جەنگ و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتین. کاربەدەستانی ئیسرائیل زۆر جار بەڕاشکاوی ڕایانگەیاندووە ئاماجیان ئەوەیە کەس نەتوانێ لە غەززە بژیت و خەڵک ناچار بە کۆچ لەم ناوچەیە بکەن. ئەم سیاسەتە لەلایەن دامودەزگا نێونەتەوەییەکان و بەشێک لە حکومەتەکانی ناوچەکە ئیدانە کراوە، بەڵام هەروا بەتوندی درێژەی هەیە.

هەموو ئەمانە نیشانی دەدات کە ئەوەی لە غەززە لە ئارادایە نەک بەناو شەڕێکی ئاسایی، بەڵکوو درێژەی پڕۆژەی داگیرکاری، ڕەگەزپەرستانە و سەرمایەدارانەیە کە لە قووڵترین ئاستیدا بە ئیمپریالیزمی جیهانییەوە گرێی خواردووە. ڕژیمی داگیرکەری ئیسرائیل لە سەرەتای پێکهاتنیەوە، بە پشتیوانی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان – سەرەتا بریتانیا و پاشان ئەمریکا – وەک باسکی ناوچەیی سەرمایەداری جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەوری بینیوە.

دەوڵەتی ئیسرائیل لەڕاستیدا سازوکارێکی سەرکوتە لە خزمەت بەرژەوەندی بورژوازی جیهانیدا نەک دەوڵەتێکی ئاسایی. ڕژیمی داگیرکەری ئیسرائیل، بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لەو جینۆساید و تاوانانەی کە هەر ئێستا لە فەلەستینی داگیرکراودا ئەنجامیان دەدات، هەموو هەوڵی خۆی بەکار دێنێ. لەو نێوەشدا پێشینە و مێژووی هێزە کۆنەپەرستەکانی وەک حەماس و سیاسەتە شکستخواردووەکانی کۆماری ئیسلامی کە شتێکی بێجگەلە ماڵوێرانی بۆ خەڵکی فەلەستین بەدواوە نەبووە، زیاتر لە هەموو کاتێک ڕوون بووەتەوە.

سەرەڕای هەموو تاوانە فاشیستییەکانی ڕژیمی داگیرکەری ئیسرائیل، خەڵکی پێشکەوتنخوازی جیهان بێدەنگ نەبوون. لەماوەی حەفتەکانی ڕابردوودا شایەدی نارەزایەتی سەدان هەزار کەسی نەتەنیا لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئورووپای ڕۆژئاوا و ناوەڕاست بەڵکوو لە بریتانیا، ئۆستراليا، ژاپۆن، تورکیە و مەراکێش و وڵاتانی تر بووین و ئەم نارەزایەتییانە بەردەوام درێژەیان هەیە. بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو دەوڵەتانەی ئیدیعای مافی مرۆڤ دەکەن لە بەرامبەر ئەم تاوانانەی شەڕ و لە بەرامبەر ئەم جینۆسایدەدا بێدەنگییان گرتووەبەر.

کۆنفرانسی سێهەمی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان وێڕای مەحکووم کردنی نەسلکوژی و جنایاتی جەنگی، خوازیاری ڕاگرتنی دەستبەجێی کوشتار لە فەلەستینە و بۆ جارێکی تر هاوپشتی خۆی لەگەڵ خەڵکی فەلەستین ڕادەگەیەنێت. ئێمە لەسەر ئەو باوەڕەین کە تەنیا بەدیلێکی کۆمەڵایەتی شۆڕشگێڕانە، وە هاوپشتی چینی کرێکاری ئیسرائیل لەگەڵ خەڵکی فەلەستین، هەلومەرج بۆ ژیانێکی ئاشتیانە و ئینسانی لەو ناوچەیەدا فەراهەم دەکات.

**شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان**

١١ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی

٢ی جولای ٢٠٢٥ی زایینی

❊❊❊

## ڕاگەیاندنی شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان نابێ لە بەرامبەر سیاسەتی فاشیستیی کۆماری ئیسلامی دژبە پەنابەرانی ئەفغانستانی بێدەنگ بین!

هەروەک چاوەڕوان دەکرا ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی پاش شکستی لە شەڕی ١٢ ڕۆژە لەگەڵ ئیسرائیل، بۆ بەلاڕێدابردنی بیروڕای گشتی لە لاوازی و بێتوانایی خۆی، بە پەرەپێدانی سەرکوت و ڕەشبگیری و هێرش بۆسەر پەنابەرانی بێدیفاعی ئەفغانستانی دەیهەوێ بە خەیاڵی خۆی خەڵکی ناڕازی چاوترسێن بکات. دەستبەسەرکردنی سەدان کەس بە بیانووی جاسووسی بۆ ئیسرائیل، ئەحکامی ئێعدامی فەلەیی و فشار و دەرکردنی بەرینی پەنابەرانی ئەفغانستانی چەند نموونە لە کردەوەی زەبوونانەی کۆماری ئیسلامییە کە وەک



سیاسەتێکی پێشگیرانە لەدژی نەیارانی سیاسی، زیندانیانی سیاسی و پەنابەران گرتوویەتەبەر.

بە پێی هەواڵە پشتڕاستکراوەکان، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە دوای ئاگربەستی شەڕی ئەم دواییە زیاتر لە ٥٠٠ هەزار پەنابەری ئەفغانستانی لە شارە جۆراوجۆرەکان کۆکردۆتەوە و لە ئێران دەری کردوون. ئەو خەڵکەی کە بەشێک لە تەمەنی گەنجییان بۆ بەرهەمهێنانی قازانجی سەرمایەدارانی خوێنخۆر بەسەر بردووە. ئەو کەسانەی بەشێکیان لە ئێران لە دایک بوون و یان لە سەرەتای منداڵی و تازەلاوییەوە لە ئێران ژیاون و هیچ تەسەورێکیان لە کۆمەڵگای ئەفغانستان و وەحشیگەری مەزهەبی تاڵەبان نییە. ژنان، منداڵان و بەساڵاچوانێک کە ساڵەها سووکایەتی و بێڕێزییان بە تاوانی ئەفغانستانی بوون تەجروبە کردووە و لەلایەن ڕژیمی خوێنڕێژی ئیسلامییەوە کراونەتە قەڵغان بۆ ئەو بەڵا کۆمەڵایەتییەی کە حاکمانی ڕژیمی ئیسلامی خۆیان سەرچاوەکەی بوون. ڕۆژێک بە تۆمەتی قەتڵ و جنایەت، ڕۆژێک وەک هۆکاری پەرەسەندنی بێکاری لە کۆمەڵگا و یان حزووری نایاسایی، وە ئێستاش بەبیانووی شەڕی ١٢ ڕۆژە و بە تۆمەتی جاسووسی بۆ ئیسرائیل، بەمجۆرە دڕندانە هەڵسووکەوتیان لەگەڵ دەکرێت.

ئەم کردەوە نامرۆڤانەیەی کۆماری ئیسلامی، ئەم ئینسانە بێتاوانانە ڕەوانەی کۆمەڵگایەک دەکات کە ئەگەر لە تەنافی ئێعدامی ڕژیمی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی لە ئەفغانستانیش دەربازیان بێت، لە جەهەنەمی ژێر دەسەڵاتی تاڵەباندا، هیچ داهاتوویەک بێجگەلە ڕۆژرەشی چاوەڕوانیان ناکات. لە کاتێکدا کە خەڵک بەتایبەت ژنانی ئەفغانستان لە هەموو شوێنێک بە باوەشی کراوە پێشوازییان لێدەکرێ، کۆماری ئیسلامی بەم شێوەیە دڕندانە بەرەو مەرگ و تەباهییان دەبات. فشار و ڕەنجێک کە لەماوەی دەیان ساڵی ڕابردوودا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بەسەر پەنابەرانی ئەفغانستانیدا سەپاوە، پەڵەیەکی شەرمەزارییە بەناوچاوانی کۆماری ئیسلامییەوە و نموونەی هەڵسووکەوتی ڕژیمێکی فاشیستییە دژبەو خەڵکەی



کە ساڵەها وەک هاووڵاتییانێکی شەریفی کۆمەڵگا، مەشغووڵی کار و پێکەوەژیانێکی ئاشتیانە بوون.

ئەم سیاسەتە قێزەونەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە پەنابەرانی ئەفغانستانی دەبێ بدرێتە بەر ناڕەزایەتی ڕێکخراوە پیشەیی و سیاسییەکان، ناوەندە مرۆڤدۆستەکان و بەرەی جەماوەری ئازادیخواز. پێویستە بەرەنگاری سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی کوێری ئێرانی و دژەئەفغان بینەوە. کۆمەڵگای ئێران و ڕێکخراوەکانی ئێستا لە بەرامبەر شەڕی ئەم دواییەدا بە گرتنەبەری هەڵوێست و سیاسەتی ڕوون و ئینسانی نیشانیان دا کە کۆمەڵگای ئێران زەرفییەتی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ هەڵسووکەوتی وەحشیانەی ڕژیمی ئیسلامی بەرامبەر بە پەنابەرانی هەیە.

شۆرای هاوکاریی هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکانی کوردستان، ئەم جنایەتەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم دەکات و داوا لە خەڵکی ئازادیخواز دەکات لە ناڕەزایەتی دژبەم وەحشیگەرییە ئاشکرایە، بە هانای هاوچارەنووسانیانەوە بچن.

**مەرگ بۆ ڕژیمی سەرکوتگەری ئیسلامی**

**بژی دەسەڵاتداریەتی شۆرایی**

١٦ی پووشپەڕی ١٤٠٤ی هەتاوی

٧ی جولای ٢٠٢٥ی زایینی

***

## " کۆچی خۆبەخشانە"، پڕۆژەی پاکتاوکردنی نەتەوەیی دەوڵەتی ئیسرائیل لە غەززە

لە ناو وێرانکارییەکانی غەززەدا، ڕژیمی فاشیستی ئیسرائیل هەوڵ دەدات ڕەوایەتی دەرکردنی فەلەستینییەکان لەژێرناوی فریوکارانەی "کۆچی خۆبەخشانە"دا پاساو بکات. ئەو ئینسانانەی لە ناو مەرگی بەشێنەیی و دوورخرانەوەدا بژاردەی داسەپێندراو دەگرنە بەر. بەڵام پێویستە پێکهاتەی ماددیی ئەم کارەساتە شیبکرێتەوە. نیزامی سەرمایەداری جیهانی، وە ڕەگەزپەرستی دەوڵەتی ئیسرائیل چۆن لەژێر ئەم پۆششانەدا بە پاکتاوکردنی نەتەوەیی مەشرووعییەت دەبەخشێت؟

ڕژیمی ئیسرائیل بە پشت بەستن بە پشتیوانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی ئوروپایی لە ناتۆ پڕۆژەیەک بەرەوپێش دەبات کە بنەماکەی نەک ئەمنییەت بەڵکوو هەستی نەتەوەی فەلەستینە. گەڵاڵەی ناوەندی کۆچکردنی خۆبەشخانە هەوڵێکی بەرنامە بۆ دارێژراوە بۆ ئەوەی خەڵک ناچار بکەن وڵاتی خۆیان جێبهێڵن، لە بارودۆخێکدا کە هیچ ئیمکانێکی ژیان، تەندروستی، دەرمان یان تەنانەت زیندوو مانەوە لە غەززەیان نەهێشتووەتەوە.

ئەم پڕۆژەیە بە ڕوونی شێوازی ئەمڕۆی سڕینەوە و پاکتاوکردنی نەتەوەییە. داگیرکردنی زەوی لەڕێگەی سڕینەوەی فیزیکی دانیشتووانی خۆجێیی و پڕ کردنەوەی جێگایان بە کەسانی کۆچبەر. بەڵام لێرەدا پڕۆژەی پاکتاوی نەتەوەیی لەژێر پەردەی وەک "کۆچی خۆبەخشانە"، "دەرفەتی وەبەرهێنان" و "سازکردنەوەی ئابووری" شاردراوەتەوە.

ئەوەیکە بە ڕەواڵەت وەک "قەیرانی ئینسانی" نیشان دەدرێت، لە هەمان حاڵدا دەرکەوتنی بەئاشکرای ناکۆکییەکی چینایەتییە. شەڕی غەززە نەک هەر هێرش بۆسەر نەتەوەیەک، بەڵکوو سڕینەوەی توندوتیژانەی چینێک لە خەڵکە کە لە نەزمی سەرمایەداری و نیولیبراڵیدا جێگایەکیان نییە. دەرکردنی خۆبەخشانە بە هیچ شێوەیەک سەرمایەداران، سیاسەتمەدارانی سەربە تێکنۆکراتەکانی هاوئاراستە لەگەڵ دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل ناگرێتەوە. بەڵکوو ئەوە کرێکاران، بێکاران، نەخۆشان، دایکانی تەنیا و منداڵانی برسین کە کراونەتەوە ئامانجی ئەم پڕۆژەیە. ڕەوایەتە ئینسانییەکان، لە کرێکارانی بیناسازییەوە هەتا باوکانی بێتوانا لە دەرمانی منداڵانیان، هەر هەموویان خاڵێکی هاوبەشیان هەیە. ئەوان تەنیا لە چنگ شەڕ هەڵنایەن. بەڵکوو لە موناسباتی ماددییەک هەڵدێن کە ژیانیانی کردووەتە کۆیلایەتی. ئەوان، نەک پەنابەر، بەڵکوو دوورخراوە و دەربەدەرەکانی نەزمی سەرمایەداری جیهانین.

ئەم کارەساتە بە بێ پشتوانی سیاسی و دارایی یەکیەتی ئوروپا و ئەمریکا نەیدەتوانی بەڕێوەبچێت. لە پشتیوانی بێدەربغی دەوڵەتی ئاڵمان لە ئیسرائیلەوە بگرە تا وتەی بێناوەرۆکی دەوڵەتی فەرانسە و بریتانیا سەبارەت بە "ڕەوتی ئاشتی" هەر هەموویان تەنیا ڕووپۆشێکن بەسەر ڕوخساری سەرمایەداری ڕۆژاوادا کە ڕەگەزپەرستییان وەک ئامرازی سیاسەتی دەرەوە قبووڵ کردووە. بەرنامەی "ڕێوبرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست"ی ترامپ، ئاسۆیەک کە غەززە دەکاتە ناوەندی توریستی، بە بێ سڕینەوەی خەڵکەکەی مومکین نییە. سەرمایە بەشوێن "سەقامگیری"یەوە بەڵام سەقامگیری بۆ چ کەسانێک؟ بۆ چینی دەسەڵاتدار، بۆ کۆمپانییەکانی بیناسازی، بانکەکانی گەشە و دامەزراوەکانی توریسم – نەک بۆ منداڵانی برسیی غەززە.

بەڵام ئەو خەڵکەی لەژێر داروپەردووی ماڵەکاندا دەنێژرێن، هاوکات تۆوی خۆڕاگریش دەچێنن. زۆرێک لە فەلەستینییەکان سەرەڕای برسیەتی، نەخۆشی و بۆمباران، حازر نین ناویان لە پڕۆژەی کۆچکردندا تۆمار بکەن. لە ڕوانگەی ڕەوتە



شۆڕشگێڕەکانەوە ئەم موقاوەمەتە تەنیا کاردانەوەیەکی ئیحساسی نییە. ئەم خۆڕاگری و موقاوەمەتە، بەیانی وشیاری چینایەتی و نەتەوەیی لە بارودۆخی سەرکوتدایە. ئیرادە بۆ مانەوە، بەواتای خۆبەدەستەوە نەدان لە بەرامبەر لۆژیکی سەرمایەداری و داگیرکاری دەوڵەتی ئیسرائیل، خۆی جۆرێک کردەوەی شۆڕشگێڕانەیە.

تەنانەت حوکمە کاتییەکانی دادگا نێونەتەوەییەکان، لەوانە دادگای لاهە، لەلایەن دەوڵەتی داگیرکەری ئیسرائیلەوە پشتگوێ دەخرێت. واقعییەت ئەوەیە کە یاسا نێونەتەوەییەکان، بەتایبەت لە بارودۆخێکدا کە پەیوەندی دەسەڵات نابەرابەرن، زیاتر ئامرازی مەشرووعییەت دان بە بارودۆخی ئێستان، نەک گۆڕینی. ئەزموونی فەلەستین بۆ جارێکی تر نیشانی دا کە ئازادی خەڵکی فەلەستین و گەڕانەوە، نەک لە ڕێگەی کۆبوونەوەی دیپلۆماتیک و مێکانیسمی ناوەندەکانی بورژوازیی نێونەتەوەیی، بەڵکوو تەنیا لەڕێگەی خەباتی جەماوەری، خۆڕاگری ڕێکخراو و درێژە و پەرەسەندنی بزووتنەوەی جیهانی هاوپشتی لەگەڵ نەتەوەی فەلەستین دێتە دی. لە بەرامبەر پڕۆژەی پاکتاوی نەتەوەیی لەژێرناوی فریوکارانەی "دەرکردنی خۆبەخشانە"دا، ئەرکی ئێمە نەک هەر هاوسۆزی، بەڵکوو پەرەپێدان بە بزووتنەوەی جیهانی هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی فەلەستینە. دەبێ ئەم سیاسەتە وەک پڕۆژەیەکی سەرمایەدارانە، ڕەگەزپەرستانە و نامرۆڤانە لەقاوبدەین.

***

# کاتێک نەتانیاهۆی فاشیست دەبێتە داکۆکیکاری ژن، ژیان، ئازادی

لە میانەی ئەو شەڕ و وێرانکارییەی سەرمایەداریی جیهانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەباری هێناوە، ژنان بەردەوام لە ڕیزی پێشەوەی تەحەمولی ڕەنج و ئازاردا بوون. ڕەنج و ئازاری نەک هەر بۆمباران و داگیرکاری، بەڵکوو سووکایەتی و بێڕێزی، نادیدە گیران، چەوسانەوەی ڕێکخراو. ڕاپۆرتی ئەم دواییەی ئیلاهە محەممەدی لەژێرناوی "ئەو ژنانەی بە بۆمب ئازاد نەکران" ڕەوایەتی حەوت ژن لە فەلەستین، عێراق، سووریە و لوبنان و ئەفغانستان ئاشکرا دەکات. ئەو ڕەوایەتانەی هاوار دەکەن کە چۆن دروشمە فێمێنیستییەکان بوونەتە ئامرازی ڕەوایی پێدان بە شەڕ و داگیرکاری.

نیزامی سەرمایەداریی جیهانی، بەتایبەت لە جۆری ئیولیبراڵ و ئیمپریالیستییەکەی، هەر لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی دوو لایەنەی لەگەڵ پرسی ژندا هەبووە. لەلایەکەوە، سەرمایە بۆ چەوساندنەوە و قازانج وەرگرتن لە هێزی کاری هەرزانی ژنان پێویستی پێیانە، وە لەلایەکی دیکەوە، نیزامی پیاو/باوک سالار دەپارێزێت تا سوڵتەی چینایەتیی خۆی بەرهەم بێنێتەوە. دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان لەماوەی ساڵانی ڕابردوودا زمانی فێمێنیستیشیان زەوت کردووە. ئەو گوتارەی کە لە جەرگەی خەباتی جەماوەریدا شکڵی گرت، ئێستا بووەتە چەکی تەبلیغاتیی دەسەڵاتە شەڕخوازەکان.

دوایین نموونەی، ئیدیعای بێنیامین نەتانیاهۆ، سەرکوەزیرانی داگیرکەری ئیسرائیلە، واتە پشتیوانی کردنی لە ژنانی ئێران و باس کردن لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی. ئەو دروشمەی کە لە جەرگەی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی ژینادا سەری هەڵدا، ئەمڕۆ لە خزمەت پاساوکردنی سیاسەتی شەڕی ئیسرائیلدایە. ئەمە هەر ئەو مۆدێلەیە کە پێشتر لە ئەفغانستان، عێراق و سووریە ئەزموون کرا: داگیرکاری بەجلی ڕزگاریخوازییەوە. بۆمباران کردن لەژێر ناوی پشتیوانی لە مافی مرۆڤدا.

ئایە، ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی مافی ژنان لە عێراقەوە، باس لەوە دەکات کە چۆن داگیرکاری ئەمریکا نەک کۆتایی بە سیستەمی توندوتیژی سەردەمی سەدام نەهێنا، بەڵکوو بە هێزێکی نوێوە بەرهەمی هێنایەوە. پێکهاتە پیاوسالارییەکان، لەو سیستەمە سیاسییەوە سەریان هەڵدا کە ئەمریکا بۆ عێراق دارشت. ئەو یاسایانەی کە ڕێگەیان بە هاوسەرگیری منداڵان و کوشتن لەژێرناوی "نامووس" دەدا، نە گۆڕانیان بەسەر هات و نە خرانە ژێر پرسیارەوە. ئەمریکا، هەروەک ئایە دەڵێ، تەنیا ڕوخساری نیزامی سەرکوتی گۆڕی، توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان هەر وەک خۆی مایەوە.

هەر ئەم ئۆلگوویە، مەزدا، چالاکی ژنی ئەفغان، بەشێوەیەکی بەهێزتر وێنای دەکات. ئەو دەڵێ کە نیزامی کۆماری لەژێر دەسەڵاتی ناتۆ، تەنیا ڕەنگی زنجیرەکانی ژنانی گۆڕی. ژنان بەرواڵەت ئازاد کران تا لە قالبی دێکۆریدا دەرکەون، نەک لە بڕیاردان و دارشتنی سیاسەتدا ڕۆڵی ڕاستەقینەیان بێت. ئەم ڕەوایەتانە نیشانی دەدەن چۆن ئیمپریالیسم ئازادی بە مەسرەف گەرایی، نمادسازی و کۆنترۆڵی سیاسی پێناسە دەکات. ئەو پێناسەیەی کە تێیدا ژن، نەک سووژەیەکی چالاک بەڵکوو ئۆبژەیەکی ڕازاوەیە بۆ نیشاندانی پێشکەوتن.

بزووتنەوەی ژن دەبێ بە خەباتی چینایەتییەوە گرێ بدرێت. خەباتێک بۆ کۆتایی هێنان بە هەموو جوورەکانی سوڵتەی جنسیەتی، چینایەتی و نەژادی. بەڵام هەروەک دیانا لە لوبنان و ئۆلا لە سووریەوە هۆشدار دەدات، ئەم زمانە لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە ڕفێندراوە و لەجیاتی ڕزگاری، بووەتە پاساوکەری توندوتیژی. وەک دیانا دەڵێت، زمانی فێمێنیزم لە زاری شەڕخوازاندایە و بووەتە بەشێک لە ماشێنی شەڕ.

ئەم داگیرکردنە نەک هەر زمانی خەبات بێ ناوەرۆک دەکات،



بەڵکوو توانای ڕێکخستنی سەربەخۆش لە بزووتنەوەکانی ژنان دەگرێت. دروشمی ژن، ژیان، ئازادی لە زاری ڕژێمەکانی وەک ئیسرائیل و ئەمریکا، دەبێتە چەکێکی تەبلیغاتی. ئەو دەوڵەتانەی کە خۆیان هۆکار و بڕیاردەری جنایەتی بێ ئەژمار لەدژی ژنانن — چ لە غەززە چ لە بەغدا، چ لە کابوڵ — ئێستا خۆیان بە ڕزگاربەخش نیشان دەدەن و ئەم بێشەرمییە، تەنیا لە سایەی بێدەنگیی میدیاکانی هاوئاراستە لەگەڵ سەرمایەی جیهانیدا مومکین بووە.

کۆمۆنیستەکان بە درێژایی مێژوویان هۆشدار دەدەن کە پرسی ژنان نە دەتوانێ و نە دەبێ جیا لە پێکهاتەکانی بەرهەمهێنان و دەسەڵات، شیبێکرێتەوە. ئەو فێمێنیستەی کە بەدوای ڕزگاریی ڕاستەقینەوەیە، ناتوانێ لەگەڵ ئەو دەسەڵاتانە هاودەست بێت کە بناغەی سوڵتەی چینایەتی، نەژادی و جنسیەتین. هەروەک فیدا لە غەززەوە دەڵێت: ئێمە بۆخۆمان دەزانین کە چۆن خەبات و خۆڕاگری بەڕێوەبەرین. ئەم پەیامە بێگومان جەوهەری فێمێنیسمی شۆڕشگێڕە. بزووتنەوەیەکی هۆشیار، ڕێکخراو، جەماوەری، و دژەئیمپریالیستی.

بزووتنەوەی ژنان لە ئێران، ئەفغانستان، فەلەستین و ناوچەکانی دیکە، هاوکات لەگەڵ دوو بەرەدا بەشەڕ دێن. یەکیان بەرەی ناوخۆییە کە ڕیشەی لە موناسباتی چینایەتی زاڵ و سوننەتە پیاوسالارییەکاندایە و ئەوی تریان بەرەی دەرەکییە، واتە ئەو هێز و هاوپەیمانییانەی کە بە دەخاڵەتی دەسەڵاتە ئیمپریالیستەکان ئومێدیان بەستووە. ئەوان جلی ئازادیخوازییان لەبەر کردووە بەڵام شتێک بێجگەلە دیلیەتی بەدیاری ناهێنن. هەر هەوڵێک بۆ پەیوەندندانی ئەم بزووتنەوانە بە ئیمپریالیستەکان، بە مانای ناکاریگەر کردنی هێزی شۆڕشگێڕانەیانە.

هەروەک لە ڕەوایەتی ئەم ژنانەدا دەبینندرێ، خەبات و خۆڕاگری تەنیا لە شەقام یان لە مەیدانی نەبەرددا شکڵ ناگرێت. لە زیندان، زانکۆ، خوێندنگا، لە تۆڕەکانی پشتیوانی، کۆمیتەکانی ژنان، لە بواری پەروەردە، ئاگالێبوون، داکیومێنت دروستکردن، تەنانەت لە ڕەوایەتگەڕیدا، ژنانێک لە حاڵی خەباتدان، وەستاون و لەژێر بۆمبارانیشدا تەسلیم نەبوون. ئەم خۆڕاگرییانە، بناغە سەرەتاییەکانی هێزێکی کۆمەڵایەتیی قووڵتر پێکدەهێنن. هێزێک کە ئەگەر ئاوێتەی هۆشیاریی چینایەتی و ڕێکخستنی شۆڕشگێڕانە بێت، دەتوانێ ستەمی چەند لایەنە، لە ڕەگ و ڕیشەوە دەربێنێت.

خەبات بۆ ڕزگاریی ژن بەشێک لە خەباتێکی بەرینترە بۆ ڕزگاریی مرۆڤایەتی. ئازادیی ژن بە بێ نابوودیی سەرمایەداری، ئیمپریالیزم و باوک/پیاوسالاری تەسەوور ناکرێت. لەم ڕووەوە ئەرکی بەپەلەی ئێمە، لەقاودانی کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لە زمانی فێمێنیستی لەلایەن سەرمایەداری و ئیمپریالیزمەوەیە. لە ئیسرائیلەوە بگرە هەتا ئەمریکا و هاوپەیمانە ئوروپاییەکانیان.

پێویستە جارێکی تر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ژن وەک بەشێک لە خەباتێکی شۆڕشگێڕانە بنیات بنێینەوە — لە خوارەوە، لە ژیانی ڕاستەقینەوە، لە سەنگەری بەرخۆدانی ڕۆژانەوە. نەک بە بۆمب، نەک بە داگیرکاری، بەڵکوو بە هۆشیاری چینایەتی و ڕێکخستنی سەربەخۆ. لەم ڕووەوە، لە ئێران و لە کوردستاندا نابێ بەو هێز و هاوپەیمانییە سیاسیانە ئومێد بەسترێ کە بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی پشت بە دەستێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستەکان و ئەوپەڕی گوشاری ترامپ دەبەستن. پێویستە سروشتی ڕاستەقینەی ئەم جۆرە هاوپەیمانییە سیاسییانە بۆ جەماوەری ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش ئاشکرا بکرێت.

***



# شێعر

## من مەرگم کردە سرودێک

" ئەمەدی شاملو"

" وەرگێڕ: س. چ هێرش"

ئەمن مەرگم کردە سرودێک

ئێستە شەپۆلی قورسی گوزەری زەمانە ئێستا لە مندا تیدەپەڕێ

ئێستە شەپۆلی قورسی گوزەری زەمانە

وەک ڕووباری ئاسن لە مندا تێدەپەڕێ

ئێستە شەپۆلی قورسی گوزەری زەمانە

چەشنی دەریایی لە پۆڵا و ئاسن لە مندا تێد ە پە ڕێ.

لە ڕێگوزەری سروەدا، سروودێکی دیکەم دەست پێکرد

لە ڕێگوزەری باران، سروودێکی دیکەم دەست پێکرد

لە ڕێگوزەری نیسێ، سرودێکی دیکەم دەست پێکرد.

لاولاو و باران لە تۆدا بوو

خەنجەر و هاوار لە من،

تاڤگە و خەیاڵ لە تۆدا بوو

ڕەشایی و تاڵاو لە من.

لە ڕێگوزەرتدا سرودێکی دیکەم دەست پێکرد

ئەمن گەڵام کردە سروودێک

سەر سەوزتر لە مێشە

من شەپۆلم کردە سرودێک

پڕ نەبزتر لە ئینسان

من عیشقم کردە سروودێک

پڕ دەهۆڵتر لە نەمان

سەر سەوزتر لە جەنگەڵ

ئەمن گەڵام کردە سروودێک

پڕ نرکەتر لە دڵی دەریا

من شەپۆلم کردە سروودێک

پڕ دەهۆڵتر لە ژیان

من مەرگم کردە سروودێک

***




### کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

پێشـــــــڕەو
ئۆرگـــانی کومیتەی ناوەندی کۆمــــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

نوێنە رایە تیی کۆمە ڵە لە دە رە وە ی وڵات
representation.of.komala@gmail.com

ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوەییەکانی حیزب

international@cpiran.org

دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
dabirxane.cpi@gmail.com

ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران
٠٠٤٦٧٦٠٨٥٤٠١٥
٠٠٤٧٩٩٨٩٥٦٧٤
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧